# البعد الأنثروبولوجي في أدب الرحلات والسيرة الذاتية: رواية «رائحة الإنسان» لجليل كاكا ويس نموذجا.

طالب دكتوراه: أ.م. ئامانج على قادر (استاذ المساعد)
قسم الجغرافي، كلية التربية للعلوم الانسانية-سيدصادق، جامعة سليمانية.
amanj.qadir@univsul.edu.iq

بإشراف: أ.د. محمد أمين محمد(بروفيسور)
قسم اللغة الكردية، كلية اللغات، جامعة سليمانية.
Muhamad.noori@univsul.edu.iq

الكلمات المفتاحية: الأنثروبولوجيا، أدب الرحلات، السيرة الذاتية، الرواية، رائحة البشر، جليل كاكه وەيس.

كيفية اقتباس البحث

قادر , ئامانج على , محمد أمين محمد , البعد الأنثروبولوجي في أدب الرحلات والسيرة الذاتية: رواية «رائحة الإنسان» لجليل كاكا ويس نموذجا. ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

# The Anthropological Dimension in Travel Literature and Biography: A Case Study of Jalil Kakawais's Novel "The Scent of a Human"

**Doctoral Student: Amanj Ali Qadir( Assistant Lecturer) Geography Department,Humanities Sci.Education-SaidSadiq. University of Sulaimani**
**amanj.qadir@univsul.edu.iq**

**Supervisor: Mohamad Amin Mohamad(professor) Kurdish Department,College of Language,Uninersity of sulaimani**
**Muhamad.noori@univsul.edu.iq**

**Keywords** : Anthroplogy, Travel Literature, Biography, Novel, The Scent of Man, Jalil Kakawais.

**How To Cite This Article**
,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract:**

Jalil Kakawayis's novel, "The Scent of Humanity," stands as a significant and novel example of blending travel literature and biographical literature, subsequently reflecting them within the science of anthropology. In this work, the author meticulously and profoundly employs journeys and exploration to highlight the importance and value of travel literature, whether the journey is undertaken by the author himself or a prominent figure within society. Literary travel in this novel is not merely a geographical exploration but also a spiritual and intellectual journey to rediscover oneself, language, and homeland. Furthermore, the novel begins on a biographical basis, presenting the personal experience of a renowned religious figure named "Mawlana

Khalid Naqshbandi". This fusion of travel literature and biographical literature serves as a crucial aid and testament to understanding the diverse conditions of Kurdish society in the past, encompassing historical, political, colonial, cultural, social, economic, ideological, and philosophical circumstances, among others. All these varied conditions are intrinsically linked to the human way of life and are worthy of consideration within the field of anthropology. This research is divided into two parts, each part includes two topics, so that the first part and the first topic presents the concept and terms of tourism literature and its relationship with anthropology, while the second topic discusses biography and its relationship with anthropology. In the first topic of the second part, the position of the novel in anthropology is mentioned. In the second topic, we have tried to practice tourism literature and the art of biography in Jalil Kaka Wais's novel Boni Bunyadam. Finally, the results and a list of sources are presented.

## ملخص:

رواية "بۆنی بونیادەم" (رائحة البشر) للكاتب "جليل كاكه ويس" هي مثال حديث وعظيم في مزج أدب الرحلات وأدب السيرة الذاتية، ثم انعكاسهما في علم الأنثروبولوجيا. يستخدم الكاتب فيها السفر والترحال بطريقة دقيقة، عميقة وذات معنى، لإظهار أهمية وقيمة أدب الرحلات، سواء كانت هذه الرحلة قام بها الكاتب نفسه أو شخصية مشهورة في المجتمع. الرحلة الأدبية في هذه الرواية ليست مجرد ترحال جغرافي، بل هي رحلة روحية وفكرية للتعرف على الذات، اللغة، والوطن. من ناحية أخرى، تبدأ الرواية على أساس سيرة ذاتية، حيث تعرض التجربة الخاصة لشخصية دينية مشهورة وهو "مولانا خالد النقشبندي". هذا المزيج من أدب الرحلات وأدب السيرة الذاتية هو دليل ومساعد مهم للتعرف على الأوضاع المختلفة للمجتمع الكردي في الماضي، مثل " الأوضاع التاريخية، السياسية، الاحتلال، الثقافية، الاجتماعية، الاقتصادية، الأيديولوجية، والفلسفية" وغيرها. هذه الأوضاع المختلفة مرتبطة بأسلوب حياة الإنسان، وجميعها تستحق الاهتمام من قبل علم الأنثروبولوجيا. ينقسم هذا البحث إلى جزأين، يتضمن كل جزء موضوعين. يتناول الجزء الأول مفهوم ومصطلحات أدب السياحة وعلاقته بعلم الإنسان، بينما يناقش الموضوع الثاني السيرة الذاتية وعلاقتها بعلم الإنسان. ويتطرق الموضوع الأول من الجزء الثاني إلى مكانة الرواية في علم الإنسان. أما الموضوع الثاني، فقد تناولنا فيه تطبيق أدب السياحة وفن السيرة الذاتية في رواية "بوني بونيادام" للكاتب جليل كاكا وايس. وفي الختام، نعرض النتائج وقائمة المصادر.





Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

# ڕەهەندی ئەنسرۆپۆلۆژیا لەبازنەی ئەدەبی گەشتیاری و ژیاننامەدا بەنموونەی "ڕۆمان" ی "بۆنی بونیادەم" ی جەلیل کاکەوەیس.

خوێندکاری دکتۆرا: ئامانج علی قادر(مامۆستای یاریدەدەر)
بەشی جوگرافیا،کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەکان- سەیدصادق/ زانکۆی سلێمانی.
amanj.qadir@univsul.edu.iq

بەسەرپەرشتی: د.محمد ئەمین محمد(پرۆفیسۆر)
بەشی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
Muhamad.noori@univsul.edu.iq

## پوختە:

ڕۆمانی "بۆنی بونیادەم" لە نوسینی "جەلیل کاکەوەیس" نموونەیەکی نوێ و گەورەیە لە تێکەڵکردنی ئەدەبی گەشتیاری و ئەدەبی ژیاننامەیی، پاشان ڕەنگدانەوەیان لەزانستی ئەنسرۆپۆلۆژیادا، کە تێیدا نووسەر سەفەر و گەڕان بە شێوەیەکی ورد و قوڵ و مانادار بەکاردێنێت بۆ نیشاندانی گرنگی و بایەخی ئەدەبی گەشتیاری ئینجا ئەو گەشتە خودی نوسەر ئەنجامی دابێت یان کەسێکی ناوداری ناو کۆمەڵگا. گەشتی ئەدەبی لەم ڕۆمانەدا تەنها گەڕانێکی جۆگرافی نییە، بەڵکو گەڕانێکی ڕووحی و فکریشە بۆ ناسینەوەی خود و زمان و نیشتمان. لەلایەکی دیکەوە ڕۆمانەکە لەسەر بنەمای ژیاننامەیی دەستپێدەکات، چونکە خستنە ڕووی ئەزموونی تایبەتی کەسێکی ناوداری ئاینیە بەناوی "مەولانا خالید"ی نەقشبەندی، ئەو تێکەڵبوونەی ئەدەبی گەشتیاری و ئەدەبی ژیاننامەیی، بەڵگەو یارمەتیدەرێکی گرنگە بۆ ئاشنا بوون بە دۆخە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی لەڕابردوودا وەک "دۆخی مێژووی، سیاسی، داگیرکاری، کلتووری، کۆمەڵایەتی، ئابووری و، ئایدۆلۆژی، فەلسەفی" و...هتد ئەم دۆخە جیاوازانەیش پەیوەستن بە شێوازی ژیانی مرۆڤ و سەرجەمیان شیاوی گرنگی پێدانن لەلایەن زانستی ئەنسرۆپۆلۆژیاوە.

کلیلە وشە: ئەنسرۆپۆلۆژیا، ئەدەبیاتی سەفەر، ژیاننامە، ڕۆمان، بۆنی بونیادەم، جەلیل کاکە وەیس.

## پێشەکی:

ڕۆمانی "بۆنی بونیادەم" لەنوسینی "جەلیل کاکەوەیس" یەکێکە لەو ڕۆمانانەی، کەبەشێوەیەکی چالاک پێگەی ئەدەبی گەشتیاری و ژیاننامەی تێدا بەدی دەکرێت، نوسەر لەژێر کاریگەری ئەم دوو هونەرەدا بەشێوەیەکی ئەدەبی باڵا و بەزنجیرە بەڵگە نامەکانی ژیان و سەفەرەکانی زانای ئاینی بەناوبانگی کورد "مەولانا خالیدی نەقشبەندی"مان بۆ دەخاتە ڕوو، نوسەر لەم ڕۆمانەدا بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش ڕەهەندەکانی تایبەت بەئەنسرۆپۆلۆژیای ئەدەبی شەن و کەو دەکات، کەبەشێوەیەکی

گشتگیر ئامەژە فەلسەفیەکان و ڕووداوی مێژوویی و سیاسی و ئاینی و ڕۆشنبیری و ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکان و کلتوور و داب و نەریتە جیاوازەکانی نێوان هیندستان و کوردستان و شێوازی حکومڕانی سەردەمی ئەم زانایەمان نیشان دەدات.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە پێگەی ئەدەبیاتی سەفەر و ژیاننامە لە ڕۆمانی "بۆنی بونیادەم" و پەیوەندی بەزانستی ئەسرۆپۆلۆژیاوە شی بکاتەوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە بەتیۆری و پراکتیکی دەیسەلمێنێت کە ئەدەب بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی دەورێکی گرنگ دەگێڕن لەزانستی مرۆڤناسیدا، لەڕێگەی ناسینی داب و نەریتە جیاوازەکان و زۆرێک لەبابەتەکانی تری پەیوەست بەزانستی ئەنسرۆپۆلۆژیا بەهۆکاری سەفەر و گەڕانەکان و ژیاننامەی ناوداران، جگەلەوەی بەدەگمەن بەدی دەکرێت زانستی ئەنسرۆپۆلۆژیاو ئەدەبی گەشتیاری و هونەری ژیاننامە لەتوێژینەوەی ڕۆمانی کوردیدا ئەنجام درابێت.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

بۆئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێنراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە دابەشکراوە بەسەر دوو بەش دا، هەر بەشێکیش دوو تەوەر لەخۆ دەگرێت، بەشێوەیەک لەبەشی یەکەم و تەوەری یەکەمدا چەمک و زاراوەی ئەدەبی گەشتیاری و پەیوەندی بەزانستی ئەنسرۆپۆلۆژیاوە خراوەتە ڕوو، لەتەوەری دووەمیشدا ژیاننامەوپەیوەندی بەزانستی ئەنسرۆپۆلۆژیاوە خراوەتە بەرباس. لەتەوەری یەکەمی بەشی دووەمیشدا ئاماژە بە پێگەی ڕۆمان لەزانستی ئەنسرۆپۆلۆژیدا کراوە، هەروەها لەتەوەری دووەمدا هەوڵمان داوە پراکتیزەی ئەدەبی گەشتیاری و هونەری ژیاننامە لە ڕۆمانی "بۆنی بونیادەم" ی جەلیل کاکە وەیسدا بکەین. لەکۆتایشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

**بەشی یەکەم:**

**تەوەری یەکەم: چەمک و زاراوەی ئەدەبی گەشتیاری و پەیوەندی بەزانستی ئەنسرۆپۆلۆژیاوە:**

ئەدەبی گەشتیاری ژانەرێکی ئەدەبیە، کەئەزموونی سەفەرکردنەکان گەڵاڵە دەکات و وەک بەڵگە نامەیەک دەیان پارێزێت، دەتوانین بڵێین، ئەم جۆرە ژانرەی ئەدەب بەچەند شێوازێک ڕوودەدات بۆ نموونە دەکرێ لەئەنجامی گەشتێکی واقیعیەوە یان خوێندنەوەی کتێبێک یان خولْقاندنێکی خۆکردی خەیاڵیەوە سەرهەڵبدات، گەشتیار لەگەشتەکەیدا تێبینی جۆراوجۆر لەسەر دیاردەکان دادەنێت وەک ئاماژەدان بە مرۆڤەکان، شار، بازاڕ، گوند، کلتوور، کاریگەریە دەروونی و فکریەکان، وەسفکردنی سرووشت، تەلارسازی، دابونەریت ورەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکان و هەموو



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ئەوتایبەتمەندیانەی کەتایبەتن بەو ژینگەیەی گەشتیار گەشتەکەی بۆ کردووە. لەم نێوەندەیشدا نووسەر لەڕووانگەی خۆیەوە بۆمان دەگێڕێتەوە و وەسفەکانمان بۆدەکات، هەربۆیە کاریگەری کەسی لەسەر گێڕانەوەکان درووست دەکات و زمانی نوسینی دەکاتە زمانێکی ئەدەبی لەپێناو بەرزکردنەوە و جوانکردنی گێڕانەوەکەی یان دەقەکەیدا، واتا نووسەر دەقێکی هونەری بەرهەم دەهێنێت بۆئەوەی گەشتەکەی گەشتێکی ورووژێنەر بێت و سۆزی خوێنەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت بەبێ ئەوەی سازش لەسەر واقیعی گەشتەکەی بکات. ئەمەیش بەڕوونی پەیوەندی نێوان ئەدەبی گەشتیاری و ئەنسرۆپۆلۆژیمان بۆ دەخاتە ڕوو.

هەرچەندە توێژینەوەکان لەم بارەیەوە بە تازە دادەنرێن بەڵام دیاردەی گەشتکردن خۆی کۆنەو مێژوویەکی دوورودرێژی هەبووە، وەک "دکتور وائل بن یوسف العريني" نووسەر و لێکۆڵەر لەبواری ئەدەبیات و ڕەخنەی عەرەبی و پسپۆڕ لە ئەدەبیاتی گەشتیاری و ڕەخنەی کلتووری لەکتێبەکەیدا بەناوی "الآخر في أدب الرحلة- دراسة أنثروبولوجية" پێی وایە یەکەم گەشتی بەڵگەدار لەمێژوودا دەگەڕێتەوە بۆ (سەدەی سێهەمی کۆچی ئەویش گەشتەکەی ابن فضلان"ە لەدوای ئەو گەشتی "ابن جبير" لەسەدەی شەشەم و "ابن بطوطة" لەسەدەی هەشتەم دێت. نووسەر بۆئەوەی نموونەکەی گشتگیر بێت شەش سەدەی دیاری کردووە، کە لە"ابن فضلان"ەوە دەستپێدەکات و بە "ابن خلدون" کۆتایی پێهاتووە، کە لەساڵی "٨٠٨ هـ" کۆچی دوایی کردووە.) (العريني،٢٠٢٠، ١٠)

لێکۆڵینەوەیش لەسەر ئەم ژانەرە لەسەر بنەمای شیکاریکردنی گوتارە لەڕوانگەی ئەرکە زمانەوانیەکانەوە، گوتاریش لەسادەترین و ڕوونترین پێناسەدا ڕەنگە ئەوپێناسەیە بێت، کە لەلێکۆڵینەوە عەرەبیەکاندا ئاماژەی پێکراوە و پێیان وایە گوتار (هەمووگوتنێکە کەئاراستەی کەسانی دیکە دەکرێت بەئامانجی ئەوەی، کە ئەوان لەمەبەستێکی دیاریکراو تێبگەن.) (عبدالرحمن، ١٩٩٨، ٢١٥) ئەمەیش ڕوونی دەکاتەوە، کە مەبەست لەقسەکردن چوونە ناو پەیوەندی کۆمەڵایەتیە، زیاتر لەوەی پەیوەندی بەوشەی تایبەتەوە هەبێت، واتا ئەوەی دیاریدەکات قسەکردن چیە پەیوەندیەکانە نەک بەتەنها پەیوەندیە زارەکیەکان. لەم نێوەندەیشدا ناوەڕۆکی گوتارەکان، بەنیشانەی جیاواز ئاماژەیە بە جیهانی دەرەوەی دەق لەشێوەی بەرهەمهێنان وپێکهاتنی زمانەوانیدا. لەم پێکهاتنەیشدا کۆمەڵێک توخم بەشدارن لەپرۆسەی پەیوەندیکردنی گوتاردا، کەلێکۆڵەر لەڕێگەی شیکردنەوەی خودی گوتارەکەوە دەسنیشانیان دەکات ولێیان دەکۆڵێتەوە ئەو توخمانەیش بەشێوەیەکی گشتی بریتین لە: (١- نێرەر٢- وەرگر٣- پەیوەندی توخمە هاوبەشەکانی نێوان نێرەر و وەرگر وەک بارودۆخی کۆمەڵایەتی وزانیاریە هاو بەشەکان وئەوانیتر.) (الشهري،٢٠٠٤، ٣٩)

دیارە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا، مەبەستمان نیە بچینە ناو باسی قوتابخانە شیکاریەکانی گوتاری زمانی، بەڵکو مەبەستمان ڕوونکردنەوەی شێوازی بەکارهێنانی زمانە وەک توخمێکی کلتووری و ئامرازی بەئەدەبی کردنی

نوسراوەکان، ئەمەیش لەپێناو خستنەڕووی پەیوەندی نێوان ئەنسرۆپۆلۆژی و ئەدەبی گەشتیاری، کە دەگونجێت جگە لەبەکارهێنانی تەکنیکەکانی شیکردنەوەی گوتار، هەردوو میتۆدۆلۆژیای، ئەنسرۆپۆلۆژی کلتووری و کۆمەڵایەتی و نیشانە ناسی "السيميائي" لەلێکۆڵینەوەکانی ئەم بوارەدا بەکار بهێنرێت.
سەبارەت بە وشەی گەشت لەڕووی زمانیەوە لەزمانی عەرەبیدا فەرهەنگە زمانەوانیەکان باس لەوە دەکەن، کە سەرچاوەی زمانەوانی وشەی "رحلة" لە سێ پیتی ڕەگی "رحل" وە هاتووە وەک "ابن فارس"دەڵێ ڕەگێکی وشەییە بۆ ئاماژەدان بەچوون بۆسەفەرێک...) (ابن فارس،١٣٩٩هـ، ٤٩٧) هەروەها " ابن فارس" بنەچەی وشەکە دەگێڕێتەوە بۆئەو ئایەتەی، کە خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت (إيلافهم رحلة الشتاء و الصيف) (قريش،٢) واتا "خوی گرتووە بەکاروانی زستانەی یەمەن و کاروانی هاوینەی شام بۆ بازرگانی و دابینکردنی بژێوی" بەجۆرێکی تر کاتێک قورەیشیەکان گەشتێکیان دەکرد لەزستاندا ئەچوون بۆ یەمەن لەبەرئەوەی یەمەن گەرم بووە، وە لەهاوینیشدا ئەچوون بۆ شام لەبەرئەوەی شام سارد بووە، وە قورەیش بەم بازرگانیە ئەژیان و لەپاڵ کەعبەی پیرۆزدا ئەمین بوون.
لەڕووی زراوەییشەوە پەیوەندی نێوان مانای زمانەوانی و زاراوەیی گەشت و ئەدەبی گەشتیاری لەچەمک و مانا گشتیەکەیدا ڕوونە وەک فەرهەنگی" المعجم الوسيط" باس لەوە دەکات کە، سەفەرکردن وەک (کتێبێکە کەتێیدا ڕێبوار باسی هەموو ئەو شتانە دەکات کەلەگەشتەکەیدا بینیوێتی.) (أنيس وآخرون، ١٩٧٢، ٣٣٥) بەڵام لەکایەی ئەدەبیدا ڕووانگەکانی فراوان دەبن و بەپێی میتۆدۆلۆژیا جیاوازەکان ئاراستەی جیاواز وەردەگرن و لەبوارێکی جێگیردا پەرتەسک دەبنەوە، زۆرجاریش پەل دەکێشن بۆ ناو زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکان، لەهەمان کاتیشدا دەکرێت میتۆدێکی هەمەکارە بەکاربهێنرێت بۆ گوزارشتکردن لەسەرجەم ڕەهەندەکانی ئەدەبیاتی گەشتیاری.
لەزمانی فارسیشدا چەند دەستەواژەیەکی بۆبەکارهاتووە وەک ( سياحت، سياحتنامه، سياح، رسانيدن، سفر..) (موکریانی،١٣٦٩هـ،٧٣١) لەزمانی کوردیشدا هەر لەفەرهەنگی هەمبانەبۆرینە ی هەژار موکریانیدا چەند دەستەواژیەک هاتووە کە لەگەڵ وشەی "گەشت"دا یەکدەگرنەوە وەک ( گەشت – سەیران، گەڕان و بەکەیف، گەدایی- ماڵەوماڵکردن، گەشتاندن- تێگەیاندن، پێگەیاندن، گەشتنامە- بیرەوەری نوسراوی گەڕیدە، گەشتۆک- زۆرگەڕیدە، گەشتیار- دنیاگەڕ، گەڕیدەی شاران، سەفەر- لەئاواییەکەوە بۆ ئاواییەکی تر ڕۆیشتن، گوزەرکردن.) (هەرئەو سەرچاوەیە،٤٤٧-٧٣١) واتا دەکرێت بەرامبەر "ادب الرحلات" ی عەرەبی و "ادبيات سفر" ی فارسی لەزمانی کوردیدا "ئەدەبی گەشتیاری یان ئەدەبی گەشتنامە" بەکار بهێنرێت، کە ئێمە ئەدەبی گەشتیاریمان بەلاوە پەسەند ترە چونکە وشەی "گەشت" خودی پرۆسەکە دەگەیەنێت و پاشگری "یار" یش گوزارشتە لەو

کەسەی گەشتەکە ئەنجام دەدات، کەواتە "ئەدەبیاتی گەشتیاری" مافی تەواو بەم دەستەواژە ئەدەبیە دەدات.
سەبارەت بەپێناسەی ئەدەبی گەشتیاری دەتوانین بڵێین: کە تاڕادەیەک ئاڵۆز و فرەجەمسەرە بەوپێیەی ڕەهەندەکانی وەک لایەنی زمانەوانی، مێژوویی، جوگرافی، ئەدەبی، مەعریفی، کۆمەڵایەتی وبوارە جیاوازەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، واتا دەلالەتی "گەشتکردن" دەوڵەمەندە بە زۆری جۆری گەشتەکان و تێکەڵاوبوونی خەیاڵ و بەرجەستەبوونی ئەوجیهانە دەروونیەی، کەنوسیاری گەشتەکەبەخوێنەرانی دەگەیەنێت. دەگونجێت گەشتیار بەمەبەستی "گێڕانەوەیەکی ئەدەبی، ئارەزووی گەڕان و دونیابینی هەبێت، وەک سەردان و زیارەتکردنی کەسایەتیەکی ئاینی، یان بۆ کاری بازرگانی و ئەنجامدانی کارێک ، سەفیری وڵاتێک بێت، یان بۆ ئەرکێکی زانستی بچێت بۆگەشتەکەی، هەربۆیە سەرەتا دەبێت (جیاوازی بکەین لەنێوان سەفەرکردن وەک کردار و سەفەرکردن وەک گوتار، چونکە گەشتی کرداری لەلایەن کەسێکەوە ئەنجام دەدرێت، کە بارگاویە بەهەندێک لەحەزوسۆزودیدگا، لەبەرامبەردا گوتار لەلایەن نێرەرێکەوە بەدی دەهێنرێت کەگێڕانەوەکانی بەپێی ڕێساوئامانجی تایبەت بەرهەم دەهێنێت ) (یقطین، ١٩٩٣، ١٦٥-١٦٦) لەمەیشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە گێڕانەوە لەسەر بابەتی گوتار کاردەکات نەک سەفەرێکی کرداری ماددی و لێرەدا دەردەکەوێت کە کاری گێڕانەوە جیاوازە لەکاری توێژەرانی دیکە، کە وەک لایەنێکی ماددی حەزیان لەسەفەرکردن بووە نەک ئامانجێکی ئەدەبی. یەکێک لەو پێناسانەی کە بۆ ئەدەبی گەشتیاری کراوە ئەوەیە کەبەگوتارێک وەسف بکرێت وەک چۆن "دکتورسعید یقطین" بەگوتاری گەشتیاری ناوی دەبات و دەڵێت: (پرۆسەیەکی وشەسازی کردەی سەفەرە.) (هەرئەوسەرچاوەیە،١٧٠) هەروەها (گوتارێکە، کە خودێکی ناوەندی دروستی کردووە، ئەو خودەیش ڕێبوارێکە، کە تێیدا ڕووداوەکانی سەفەرێکمان بۆدەگێڕێتەوە، کە ئەزموونی کردووە، هەروەها باسی ئەوشوێنانە دەکات، کە سەردانی کردووە لەگەڵ ئەوکەسانەی، کە لەگەشتەکەیدا چاوی پێیان کەوتووە و ئەو گفتوگۆیانەی، کە لەگەڵیاندا کردوویەتی، ئامانجیشی لەم گێڕانەوەیە سەرگەرمکردن وسوود گەیاندنی بەخوێنەرە.) (العريني ،٢٠٢٠، ٤٤) لەم نێوەندەیشدا گەشتەکە، وەک فۆرمێکی ئەدەبی بینا دەکرێت و دەبێتە یەکێک لەفۆرمە سەرەکیەکانی ئەدەب چونکە چوارچێوەی گەشتەکە ئاوێزانی کەسایەتی نووسەر دەبێت وسۆز و خەیاڵ و ئەندێشەی نووسەریش چێژێکی هونەری وئەدەبی دەبەخشێت. ڕەنگە گونجاوترین پێناسەبۆئەدەبیاتی گەشتیاری ئەو پێناسەیە بێت، کە"بلال الرهوط" لەتێزی دکتۆراکەیدا بەناوی "صورة الآخر في ادب الرحلات الاندلسية" ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت: (کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبیە، کە باس لەکاریگەریەکانی گەشتیاران دەکەن لەگەشتەکانیان بۆ وڵاتانی جیاواز بەمەبەستی جۆراوجۆر، لەوەسفکردنی ئەوەی، کە لەداب و نەریت و ڕەفتاروڕەوشتی مرۆڤەکاندا دەیبینێت، وەک چاودێریکردنی

بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکان و بابەتی ئابووری و ڕۆشنبیری وسیاسی.) (الهروط،٢٠٠٨، ٤٣) ئەمەیش دەرخەری پەیوەندیەکی توندوتۆڵی نێوان ئەنسرۆپۆلۆژیا و ئەدەبی گەشتیاریە، بەوگۆشەنیگایەی، کە کاتێک نوسەرێکی ئەدەبی و ئامانجدار بەها کلتووری و کۆمەڵایەتیەکانی ئەوشوێنە دەخاتەڕوو، کە سەردانی کردووە جیاوازە، لەو گەشتانەی، کە کەسێکی ئاسایی بۆهەر ناوچەیەکی دەکات، لەبەرئەوەی ،گەشتیارە ئاساییەکان ژمارەیان زۆرە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە، ناتوانن گەشتێکی ئەدەبی لەڕێی وشە و زمانەوە بخەنەڕوو، بەهۆی ئەوەی گێرانەوە ئەدەبیەکان پێویستیان بەمەعریفە یەکی بەرزوشارەزایی و لێهاتوویی هەیە لەسەر زمانزانی و چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانی نوسین بۆ گەیاندنی زانیاریە کلتووری و کۆمەڵایەتی و هەمەچەشنەکانی تر، هەروەها ئەم گێرانەوە ئەدەبیانە بەکەسی نوخبە وپسپۆڕ دەکرێت نەک هەموو ئەو ژمارە زۆرەی گەشتیاران، کە لەجیهاندا گەشت ئەنجام دەدەن.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا بەدرێژایی مێژوو مرۆڤ بەمەبەستی جۆراوجۆر حەزی لەگەڕان و سەفەرکردن بووە یەکێک لەو خولیایانەی مرۆڤیش کۆکردنەوەی زانیاری و ئەزموون بووە بۆ زیاتر تێگەیشتن لەمرۆڤ و جیهان. وەک " أبو الحسن المسعودي" کە"٣٤٦هـ" کۆچی دوایی کردووە دەڵێت: (ئەوەی بەزێدی خۆیەوە دەلکێت و بەو هەواڵانە ڕازی دەبێت، کە لەهەرێمە کەیەوە دەیبیستێت، وەک ئەوکەسە نییە ڕۆژەکانی ژیانی خۆی لەسەفەری وڵاتانی جیاوازدا دابەش دەکات، کە دەکرێت هەموو مەعریفەیەکی ورد و بەنرخ لەکانگای زانیاریەکانیەوە بەدەستبهێنرێت.) (المسعودي،٩٥٧م،١١) سەفەرکردن دەبێتە هۆی یەکریزی وئاشنابوونی مرۆڤە جیاوازەکانی سەرزەوی، بەم ئاشنابوونەیش زانین لەنێوان هۆزوگەلەجیاوازەکاندا دێتە ئاراوە و دەزانرێت مرۆڤ چی بەدەستهێناوە. ئەگەر ئەوگەشتەیش گەشتێکی بەڵگەدار بێت ئەوا دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەو کۆمەڵگەیەی، کە تێیدا دەژی هەروەها دەبێتە لقێکی گرنگی (توێژینەوە مێژووییە بەراوردکاریەکان، بەوپێیەی ئەگەر گەشتیاران لە نوسینە کانیاندا ئەوەی کەوتبێتە بەر چاو و بیستبێتیان تۆماریان کردبێت دەتوانین بڵێین ئەدەبیاتی گەشتیاری بەڵگەنامەیەکی مێژوویی گرنگە بۆزانینی زۆر شت دەربارەی هەواڵ و دابونەریتی گەلان، ئەمەیش شتێکە، کە هەندێکجار لەکتێبەکانی مێژوو جوگرافیادا نادۆزرێنەوە.) (الهروط،٢٠٠٨ ، ٤٣) هەرلەبەر ئەم هۆکارەیش، ئەدەبیاتی گەشتیاری (چێژ لەکراوەیی بەرووی بوارەکانی زانین وەردەگرێت و بەشداریەکی چالاکانە لەبوارەکانی مێژوو، ئیتنۆلۆژی، ئەفسانەوئەدەبدا دەکات، وەیەکێکە لەمۆدێلە ئەدەبیە بەرهەمداروبەسوودەکان.) (العريني،٢٠٢٠، ٤٦) جگە لەوەی بایەخی هەمەجۆری زانستی لەهونەر و شێوازەکانی ئەم ئەدەبەدا بەرچاو دەکەوێت، هەروەها لەبەرهەمی ئەدەبیاتی گەشتیارپدا سەرنج دەخرێتە سەر وێنەی وێنا بۆکراو و جیاوازی دەکات لەگەڵ وێنەی دەروونی پێشوەختەی نووسەر و پاشان بەراورد دەکرێت و دیدگاکان دەخرێنەڕوو.

وەک ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی و لێکۆڵەری کلتووری ئیسلامی، "کراچکۆڤسکی krachkovskiy " لەکتێبەکەیدا بەناوی "تأريخ الأدب الجغرافي العربي"، کە "صلاح الدين عثمان هاشم" کردوێتی بەعەرەبی دەڵێت: (ئەم ئەدەبیاتە سەرەڕای سرووشتە زانستی و واقیع گەراییەکەی، بەهەمان شێوە لەخەمی تۆمارکردن و بەڵگەنامەکردنی ئەفسانەکاندایە، بۆیە هەم ئەدەبیاتی زانستیە و هەم ئەدەبیاتی باو"میللی"یە وە چێژ لەگەڵ سوود تێکەڵ دەکات و ژەمێکی دەوڵەمەندوفرە بەتام درووست دەکات، کەبێهاوتایە.) (كراتشكوفسكي،١٩٦١، ٢٥)

ڕەهەندێکی تری پەیوەندی ئەنسرۆپۆلۆژی بەئەدەبیاتی گەشتیاریەوە ئەوەیە، کە دەتوانین بڵێین ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیر لەبارەی مێژووی گەشتکردنەوە (یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە سیستەمی باوی بیرکردنەوە لەنێوان گەشتیاراندا، لەگەڵ ئەو سەردەمەی کەتێیدا سەریان هەڵداوە، دواتر توێژەر ئاگاداری تایبەتمەندیەکانی میراتی جەماوەری ئەوسەردەمە و لایەنە هاوبەش وجیاوازەکانی نێوان کۆمەڵگا ئیسلامی و غەیرە ئیسلامیەکان و هۆکارەکانی ئەو جیاوازیە بەگشتی دەبێت.) (فهيم،١٩٨٩ ، ١١٥) ئەمەیش خۆی لەخۆیدا دەوری لێکۆڵینەوە یەکی ئەنسرۆپۆلۆژی دەبینێت لەسەر کلتور و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان لەکۆمەڵگا جیاوازەکاندا و پاشان گەشەسەندنیان بەدرێژایی قۆناغەکانی مێژوو.

ئەدەبیاتی گەشتیاری فۆرمێکی ڕوون و جیاوازە واتا هەرنووسەرێکی گەشتیار خاوەن شێوازێکی نوسینی تایبەت بەخۆیەتی و لەوانی دیکەی جیا دەکاتەوە چونکە شێوازێکە بۆ دەربڕینی بارودۆخە گشتیەکانی ئەوانی تر، کە لەدیدگایەکی دیاریکراوەوە، کە خودی نوسەرە سەرچاوە دەگرێت، (پێ دەچێت جیاوازی فرەیی تێڕوانین لەدیاریکردنی جۆری نوسین لەنێوان سەفەرنامە و هاوواتاکانی دیکەدا هەبێت سەرەڕای ئەوەی لەچوارچێوەی پێکهاتەکانی دەقی سەفەردا لەڕووی دەقیەوە ڕێکخراون ئەم فرەییە و بوونی فۆرمەکانی یەکتربڕ لەگەڵ گەشتەکە لەچوارچێوەی کارلێککردن و دەوڵەمەندکردندایە.) (حليفي ،٢٠٠٢، ٤٥) ئەمەیش هەندێکجار لەڕێی گێڕانەوەکەوە بەدیاردەکەوێت و هەندێکجاریش بەهۆی لێکدانەوەو شرۆڤە ڕەخنەییە کانەوە بنج و بناوانەکانی دەخریتەڕوو، کە بەپێی کارامەیی و دەست ڕەنگینی گەشتیاری نووسەر و هۆشیاریە فەرهەنگی و کلتووریەکەیەوە ڕوون دەبێتەوە. واتا تاچەند گێڕەرەوە توانای زانستی و شێوازی زمانی نوسینی بەرز بێت هێندەیش شێوازێکی تایبەت و قوڵی زانستی بەدەقەکە دەبەخشێت. کە "شعيب حليفي" لەکتێبەکەیدا بەناوی "الرحلة في الادب العربي- التجنس، آليات الكتابة، خطاب المتخيل" (دەقی سەفەر دەکاتە سەنتەر و پاشان لەپاڵ "ژیاننامە، وەرگێڕانەکان، مێژوو، جوگرافیا، تۆماری کۆمەڵایەتی، گێڕانەوە چیرۆکیەکان، شیعر، پەیام، یاداشتنامە" کاندا بۆشاییەکی بەتاڵ دەهێڵێتەوە کە پڕە لەتوخمی نادیار کە

گەشتیار یان زیندوویان دەکاتەوە یان کاڵدەبنەوەونامێنن.) (هەرئەوسەرچاوەیە،٦٧)
واتا بەپێی ئەوفۆرمەی، کەجۆری گەشتەکە بەڕێوە دەبات دەگۆردرێن ئایا ئەم دەقە بەهۆی خوێندنەوەی وەرگێرانەکانەوە هاتووەتە بەرهەم یان نوسینەوەی ژیاننامەیە یان گێرانەوەیەکی خەیاڵیە یاخود ئەوانیتر، هەرچۆنێک بێت ئەم سندوقە بەتاڵەیش بەکراوەیی دەمێنێتەوە بۆفۆرمە ئەگەریەکانی وەک (وتار، خەون، وەهم، خەیاڵ، پرسیار، گێرانەوەی دەروونی و هەموو گێرانەوەکانی تر کەبەشێوەی ئاشکرا یان نادیار لەناوپێکهاتەی قوڵی دەقی گەشتەکەدا هەیە.) (هەرئەوسەرچاوەیە،٦٧)
هەروەها لەبەرئەوەی گێرانەوە کلتووریەکان گوزارشتە لە ئەزموون و کلتوورەکانی کۆمەڵگە جیاوازەکان دەتوانین بڵێین : (کەمتر خوود سەنتەرە لەدەرپرینەکاندا بەپێچەوانەی هۆنراوە، کەلەبنەڕەتدا ئەدەبیاتی خودی نوسەرخۆیەتی) (العريني،٢٠٢٠، ٤٧) ئەدەبیاتی سەفەر (ئەونوسراوە ئەدەبیەی، کەسەفەرەکان وەک بابەتی خۆی وەردەگرێت، بەپێکهاتەیەکی هونەری و بەزمانێکی تایبەتەوە تایبەتمەندە.) (باز،٢٠٢٢، ٢٥١)، کە تێیدا گەشتیاران سەرگەرمیەکانی خۆیانی پێ تۆماردەکەن، کە خۆی لەبینینی شوێنەوارەکان و ئەوزانیاریانەی کەلەبارەی مرۆڤەکانی ئەوشوێنە و خواردن و خواردنەوە و جل و بەرگ و یاساکان هتد.. دەبینێتەوە. ئەم تایبەتمەندیە زمانیەیش (گوتارلەچوارچێوەی زانیاری خۆیەوە دەگۆرێت بۆ دروستکردنی کاریگەری و ڕازیکردنی خوێنەر لەهەمانکاتدا ئاماژە بەوەدەکات، کەکاریگەری و ڕازیکردن لەپەیوەندی نێوان فۆرم و ناوەڕۆکەوە لەیەککگرتوویەکی تەواودا سەرچاوە دەگرێت.) (هەرئەوسەرچاوەیە،٢٥٥)
شایەنی باسە گوتاری سەفەر وەک پێکهاتەیەکی گێرانەوە لەبنەڕەتدا لەسەر سێ پێکهاتە بنیات نراوە کە بریتین لە:
(١-گێرەرەوە: "گەشتیار سەنتەری" واتا ئەوکەسەی، کە سەفەری کردووە و چیرۆکەکەیمان بۆدەگێرێتەوە لەکلتووروسەرچاوەکانی داپراونیە ئەگەر وەسفی بکات چیرۆک نوسە، هەروەها گێرەرەوەیە ئەگەر تەنها بیگێرێتەوە .) (العريني،٢٠٢٠، ٤٩)
(٢-گێرانەوە"چیرۆک" گوتاری سەفەر" بەواتای گێرانەوەی شتێکە بۆ کەسێک بەشێوەیەکی نەرم و نیان و لەسەرخۆ بەپێی یاسای ئاسۆی چاوەڕوانی.) (آدم،٢٠١٥، ٢٤)، کە لەسەرەتاوە تاکۆتایی جوڵەکانی هاورێیەتی گەشتەکەدەکات و لەگەڵیدا دەناسرێتەوە.
(٣- شێوازی بابەتی گێردراوە: کە زاڵە بەسەر گوتاردا و بەهۆیەوە جۆرەکانی گوتار ڕێک دەخرێن وەک وەسفکردن بەگێرانەوەی چیرۆکی یان هۆنراوە و وتاری وشێوەکانی تر، ئەمەیش هێڵی دابەشکەری نێوان سەفەری ئەدەبی و جۆرەکانی تری گوتارە، کە وەسفی سەفەرەکەی لەسەر بنیات دەنرێت.) (العريني،٢٠٢٠، ٤٩)
هەرچۆنێک بێت ئەم گەشتە ئەدەبیانە چەندین تایبەتمەندیان هەیە، کە لەفۆرمەجۆراوجۆرەکانی دەرپرینی نەریتی جیای دەکاتەوە وەک



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

(خودخەياڵی، کەتێداگەشتەکە سوودی لەفۆرمی ئەدەبی و مێژوویی و نامەو ژياننامەو هەواڵ وەرگرتووە و هەموو ئەو شتانەی تێدایە، کەگێڕانەوەی کەسی یەکەم دەکاتە ئامرازێک بۆتیشک خستنە سەرخود وناسنامە پێچەوانەی ئەوانی تر. جگە لەفرەچەشنی لەشێوەکانی سەفەروپاشان لەپرسیارەکان، کە دەیکاتە بەرهەمی گوتاری مەعریفی هەمەچەشن.) (حليفي،٢٠٠٢، ٨) و هەمەچەشنی لەناسنامەی کلتووری و کۆمەڵایەتی گەشتیاردا بەوپێیەی (بەرژەوەندیەکانی گەشتیار لەنێوان سیاسەت، جوگرافیا، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و باڵوێزایەتیدا پۆلێن دەکرێت.) (هەرئەوسەرچاوەیە،٨)

**تەوەری دووەم: ژیاننامەوپەیوەندی بەزانستی ئەنسرۆپۆلۆژیاوە: السيرة/Biography**

زۆرجارئەنسرۆپۆلۆژی و ژیاننامە لەنێو لێکۆڵینەوەی مرۆڤایەتیدا کارلێک دەکەن و دەبنە دوو ئاراستەی یەکتریر و تەواوکەری یەکتر، چونکە کاتێک ئەنسرۆپۆلۆژیست ژیاننامەی مرۆڤەکان "مێژووی ژیان" یان دەنوسێت، زۆربەی کاتەکان وەک لەپێشتردا تیشکمان خسۆتەسەر ئەونوسینانە شێوازێکی گێڕانەوەیی وەردەگرن. (نوسینەوەی ژیاننامەی ئەدەبی ژیاننامەی یەکێکە لەپیاوە ناودارەکانی شارێک یان کۆمەڵگەیەک لەلایەن توێژەرێکی ئەنسرۆپۆلۆژیەوە، کەلەمیانەی توێژینەوەکانی لەو کۆمەڵگەیەدا ناسیویەتی و دیدگایەک دەربارەی مێژووی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەی دەخاتە ڕوو، ئەم دیدگایە، وەک چیرۆک دەردەکەوێت بەڵام لەڕاستیدا جۆرێکە لەژیاننامە.) (علاق،٢٠٢٠-٢٠٢١، ١٩) بۆنموونە وتارەکەی ئەنسرۆپۆلۆژیستی ئەمریکی "کنێس براون "Kenneth Lewis Brown" بەناونیشانی ("وێنەی ڕۆشنبیری مەغریبی" دەربارەی نوسەری مەغریبی "احمد بن خالد الناصري"، کە دەقەکە سروشتێکی ڕۆژهەڵاتناسی و ئەنسرۆپۆلۆژی هەبوو.) (هەرئەوسەرچاوەیە،١٩) وەک چۆن ئەنسرۆپۆلۆژیا بەگشتی لەمرۆڤ دەکۆڵێتەوە، ژیاننامەیش بەهەمان شێوە چ وەک (ژیاننامەیەکی خودی "السيرة الذاتية" یان وەک ژیاننامەیەکی بابەتی"السيرة الموضوعية-الغيرية".) (مسعودة،٢٠١٢-٢٠١٣، ٢٦-٣٦) لەمرۆڤ دەکۆڵێتەوە، هەرلەم ڕوانگەیەوەیە ژیاننامە دەبێتە دوو بەش کە بریتین لە (ژیاننامەی تایبەتی و ژیاننامەی گشتی. ) (ئیسماعیل،٢٠٠٤-٢٠٠٥، ٤) لەگەڵ ئەوەشدا ژیاننامە دەتوانێ ئامرازێکی بەنرخ بێت بۆ ئەنسرۆپۆلۆژی، چونکە تێڕوانینێک بۆ ئەزموونی ژیانی تاک لە چوارچێوەیەکی کەلتووری و کۆمەڵایەتیدا دەستەبەر دەکات و ئامانجی پێشکەشکردنی ئەزموونەکانی و هەست وسۆزو تێڕوانینەکانیەتی. (لەسەردەمی ڕۆمانیدا بوونی ژانەرێکی نوێی وەک ژیاننامە بەگشتی جێگەی سەرنجی ئەدەبی جیهانی بوو بەتایبەتی ئەدەبیاتی عەرەبی، کەزانایان لەلێکۆڵینەوە کانیاندا دەستیان کرد بەقسە کردن لەسەری و بەچەندین جۆر پێناسەیان بۆکرد.) (البغدادي،٢٠١٦ ، ١٩٢)، بەڵام هەتا ئێستایش پێناسەیەکی ورد و ڕوون و سنورێکی یەکلاییکەرەوەی بۆ

دانەنراوە، کە بۆتە هۆی ئەوەی پێناسەیەکی زۆر و جۆراوجۆری بۆبکرێت، ڕەنگە ئەمەیش بەهۆی پەیوەندیەکانیەوە بێت لەگەڵ ژانرە ئەدەبیەکانی دیکە، وەک پەیوەندی ژیاننامە بە "هۆنراوە یان چیرۆک یان ڕۆمان"ەوە بۆنموونە لەڕۆمانی ژیاننامەییدا دەتوانین بڵێین: ژیاننامە لەسەرچەندتوخمێکی بنەڕەتی دامەزراوە گرنگترینیان (ئەوگرێبەستەیە، کە لەڕێگەی ڕاشکاوی نووسەرەوە دەردەکەوێت و ئەو بەرهەمە دەخاتە خانەی ڕۆمانی ژیاننامەیی و وەرگر لەسەر ئەم بنەمایە مامەڵەی لەگەڵ دەکات، پەیوەندی نێوان نووسەر و گێڕەرەوە و کارەکتەر لەڕێگەی هەندێک ئاماژەو واتاوە ڕوودەدات، کەلێکچوونەکان دەسەلمێنن و لەتوخمەکانی ڕۆمانی ئۆتۆبیۆگرافیدان.) (السيد،٢٠٢٢، ١٢٨) "عەبدول عەزیز شەریف" لەپێناسەکەیدا سەبارەت بەم هونەرە دەڵێت: (ژیاننامە بەواتای ناساندنی ژیانی مرۆڤ بەو شێوەیەی، کەخۆی دەیبینێت.) (البغدادي،٢٠١٦، ١٩٣)، چونکە نوسەر لەژیاننامەکەیدا (چیرۆکی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە بەمەیش پەیوەندیەک لەنێوان ژیاننامە و ڕۆماندا درووست دەکات،کە ژانرێکی نوێی ئەدەبی درووست کردووە بەناوی ڕۆمانی ژیاننامەی.) (السيد،٢٠٢٢، ١١٥) هەروەها "محمد عبدالغني حسن" لەبارەی هونەری ژیاننامەوە دەڵێت: (جۆرێکە لەژانری ئەدەبی، کەمامەڵە لەگەڵ پێناسینی پیاوێک یان چەندپیاوێک دەکات، ناساندنێک، کە ڕەنگە درێژ یان کورت، قوڵ یان ڕووکەش بێت، ئەمەیش شارەزایی کلتووری وەگێڕ و تواناى کێشانی وێنەیەکی تەواو و ڕوون و ورد لەکۆی ئەوزانیاریانەی، کە لەبارەی ئەوکەسەوە کۆی کردوتەوە و گێڕانەوەی بۆدەکات دەور دەبینێت.) (الخزاعي،٢٠١٧، ٧-١٥) وشەی "Biography" بۆیەکەمجار لەلایەن("درایدن- Dryden" لەساڵی"١٦٨٣"بۆ"الحياة المتقابلة" ژیانی ناودارانی "بلوتارک" بەکارهاتووە.) (ئیسماعیل،٢٠٠٤-٢٠٠٥، ٣) ڕاستی و درووستی ڕەهەندە مێژوویەکان و ڕووداوەکانی ژیانی نووسەر پەیوەستە بە ویژدانی نوسەرەوە، کە دەکرێت بەرگێکی خەیاڵی بەبەردا بکات بەڵام هەرگیز نابێت ڕاستی ڕووداوەکان بشارێتەوە و نکوڵیان لێ بکات، چونکە ژیاننامە دەتوانێ وەک بابەتی توێژینەوە خزمەتێک بێت بۆ ئەنسرۆپۆلۆژی و تێڕوانینێک پێشکەش بکات سەبارەت بەوەی چۆن کەلتوور و کۆمەڵگا کاریگەری لەسەر ژیانی تاکەکان هەیە. هەروەها دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لەتێگەیشتن لەو چوارچێوە کۆمەڵایەتی وکەلتووری و ئابووریەی ژیاننامەکەی تێدا نووسراوەتەوە، وەک لێکۆڵینەوەکانی "نیللی حنا" لەکتێبەکەیدا بەناوی" تجار القاهرة - بازرگانانی قاهیرە"، کەچۆن توانیویەتی لەڕێگەی پێشکەشکردنی ژیاننامەی بازرگان "أبو طاقية" (وێنەیەکی دەوڵەمەندی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگەی "قاهیرە"مان لەسەدەی ١٧دا بۆبکێشێت، کاتێک لێی دەکۆڵینەوە سەرساممان دەکات بەتایبەتی لەغیابی لێکۆڵینەوە ئەنسرۆپۆلۆژیەکاندا هەروەها گێڕانەوەکانی ئەم ژیاننامەیە ماددەی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند لەتوێژینەوە ئەنسرۆپۆلۆژیە مۆدێرنەکاندا دابین دەکەن.) (علاق،٢٠٢٠-٢٠٢١، ٢٠)

کەواتە تێگەیشتن لەژیاننامە ئاسانکاری بۆ زانستی ئەنسرۆپۆلۆژی دەکات لەخستنەڕووی ڕەهەندە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان، کە ژیانی تاک پێکدەهێنن، واتا لەکارەکتەرە مێژوویەکانەوە وێنەیەکی ئەنسرۆپۆلۆژیمان بۆ دەنەخشێنێت، جا وێنەیەکی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی بێت، یان بازرگانێک یان سیاسەتمەدارێک، یان کەسایەتیەکی ئاینی بێت، هەریەکێک لەو وێنانەیش گوزارشتێکی ئەنسرۆپۆلۆژیە بەبەرگێکی ئەدەبیەوە، لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی گشتی ژیاننامە (جۆرێکە لەئەدەب، لێکۆڵینەوەی مێژوویی و چێژ وەرگرتنی چیرۆکی بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، بۆدیراسەکردنی ژیانی کەسێک و وێنە کێشانێکی وردی ئەوکەسایەتیە.) (ئیسماعیل،٢٠٠٤-٢٠٠٥، ٣) وەک چۆن "جەلیل کاکەوەیس" لەڕۆمانەکەیدا بەناوی "بۆنی بونیادەم" هەم گەشتێکی ئاینی "مەولانا خالیدی نەقشبەندی" مان بۆ دەخاتەڕوو هەم ژیاننامەکەیمان بۆشی دەکاتەوە. ئەم بابەتانەیش بەشێوەی گێڕانەوەیی ئەدەبی دەخرێنەڕوو، ئەگەرچی گوزارشت لەهەرتوخمێکی ژیاننامەکە بکات بەجۆرێک (گێڕانەوەیەکە بابەتەکان بەشیوەیەکی ڕێک و پێک و یەک لەدوای یەک دێت، واتا هەرشتێک، کەبەشێوەیەکی ڕێکخراو و بەدوای یەکدا هاتوو کۆببێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ پچڕانێک سیستەمەکەی تێکبدات.) (سمیرة،٢٠٢١-٢٠٢٢، ٢) دەتوانرێت ژیاننامە بەکاربهێنرێت بۆ تێگەیشتن لەوەی، کە چۆن تاکەکان ناسنامەی خۆیان لە چوارچێوەی کەلتوورە جیاوازەکاندا بەسەربەخۆیی و پارێزراوی دەهێڵنەوە، چونکە ژمارەیەکی زۆر لەنوسەرانی ژیاننامە هەموو (ئەوەی بینیبێتیان نوسیویانە بۆیە نوسینەکانیان وێنەیەکی ڕاستەقینەی ئەودۆخە پیشان دەدات، کەباسیان لێ کردووە.) (ئەمین،٢٠٠٠، ٢٦) هەربۆیە دەبێتە بابەتێکی مێژوویی و جگە لەوەی دەچێتە خزمەتی زانستی مێژووەوە دەبێتەهۆی پاراستن و هێشتنەوەی بیروباوەڕوداب و نەریت وکلتووری ئەوقۆناغەی، کەنوسەر باسی کردووە، پاشان بەشیکارکردنی بەراورد کاری و لەڕێگەی لێکۆڵینەوە ئەنسرۆپۆلۆژیەکانەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە چۆن ژیاننامەکان دەتوانن ببنە هۆی ئاشنابوونی تاکەکان بەوکاریگەری وگۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییانەی، کە کۆمەڵگەکەی پێدا تێپەڕیوە. هەروەها ژیاننامەکان دەتوانن چۆنیەتی کارلێک کردنی تاکەکان لەگەڵ بەها کەلتوورییە زاڵەکان نیشان بدەن. گرنگترین و سەرەکیترین هۆکاری گۆڕانی کلتووری و کارلێککردنی جیهانگیری بەهای کلتوورە زاڵەکانیش بریتیە لە(سەرهەڵدانی پێداویستی نوێ بۆئەندامانی کۆمەڵگا- ئەگەرخەڵکێک پێویستی بەئامێرێک، کەلوپەلێک، بیروباوەڕێک نەرێت و کاری پێنەکات، جێگای لەناوکۆمەڵگەدا نابێتەوە، بەڵام ئەم پێداویستیە نوێیە یەکسەر ناڕەخسێ، چونکە هەمیشە خەڵکێک یان بەشێکی کۆمەڵگە هەیە نایخوازن.) (میران،٢٠٢١، ٧٣) بەکورتی دەتوانین بڵێین هەرچەندە زانستی ئەنسرۆپۆلۆژی و ژیاننامە دوو بواری جیاوازن، بەڵام لە لەلێکۆڵینەوەی مرۆڤایەتیدا کارلێک دەکەن و ژیاننامە دەتوانێت ئامرازێکی بەنرخ بێت بۆ توێژەرانی ئەنسرۆپۆلۆژی بەمەبەستی تێگەیشتن

لە ئەزموونی ژیانی تاکەکان لە چوارچێوەیەکی کەلتووری و کۆمەڵایەتی فراواندا بەوپێیەی دەلالەتکردنە لەژیانی تاک و نوێنەرایەتیکردنی شێوەیەکی گشتی کۆمەڵ لەقۆناغێکی دیاریکراودا. وەک "فیلیپ لۆجون" "Philipe Loyeune"، کەزۆر گرنگی بەم هونەرە داوە و لەبارەیەوە دەڵێت: (گێڕانەوەیەکی نوسراوە لەلایەن کەسێکی ڕاستەقینەوە سەبارەت بەبوونی خۆی، کە تیشک دەخاتە سەر ژیانی تاکەکەسی و بەتایبەتی مێژووی کەسی خۆی.) (وسیلة،صباح، ٢٠١٩-٢٠٢٠، ٥) ژیاننامە بە هەردوو جۆرەکەیەوە ژیاننامەی خودی"Autobiography"، ژیاننامەی بابەتی" Biography" ( گەنجینەیەکی دەگمەنی ئەدەبیە و ڕەگەکانی درێژدەبێتەوە بۆ هەزاران ساڵی سەردەمی مرۆڤایەتی بەو ئامرازانەی، کەتوانیویەتی خۆی لەفشارە سۆزداریەکان ڕزگاربکات جا چ بەکێشانی وێنەی ئاژەڵان بێت یان شێوازە ئەندازیاریەکان یان بەهەرجۆرە ڕێگایەکی تربێت.) (مسعودة،٢٠١٢-٢٠١٣، ١٠٦) ئەمەیش سەلمێنەری هاوبەشی نێوان زانستی ئەنسرۆپۆلۆژیاو هونەری ژیاننامەیە بەتایبەتی لەئەدەبیاتی مۆدێرندا ژیاننامە چەندین تایبەتمەندی وەرگرتووە وەک (شێوازی شیکاری ورد، کە لەسەربنەمای لێکدانەوەی بیرۆکە و بۆچوون و واقیع دامەزراوە. شێوازی لێکدانەوەی وێنەیی، کە بابەتی لێکدانەوەی شیکاری لەگەڵ میتۆدی گێڕانەوەی هونەریدا تێکەڵ دەکات لەسەربنەمای وێناکردنی بارودۆخ و ئەزموون و شوێن و کارەکتەرەکان بەکەڵک وەرگرتن لەتەکنیکەکانی گێڕانەوەی وەک دیالۆگ و خەیاڵ.) (وسیلة،صباح، ٢٠١٩-٢٠٢٠، ٢١) بۆنموونە وەک ("گەشتی ژیانم"ی نووسەر مەسعود موحەمەد")بەکوردی (بڕوانە: محمد،مسعود،٢٠١٦،گەشتی ژیانم، ،بڵاوکراوەی ئاوێر) و (سلامة موسى، پەروەردەی -سەلامە موسا")بەزمانی عەرەبی (بڕوانە:موسى،سلامة، تربية ٢٠١٤، الناشر مؤسسة هنداوي) هەروەها (شێوازی ڕۆمانی: ئەمیش ئەوشێوازەیە، کە نوسەری بەئەزموون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هونەری ڕۆمانەکەدا وەک ئامرازێک هەڵیدەبژێرێت و لەڕێگەیەوە گوزارشت لەناساندنی خۆی دەکات، بەئامانجی خستنەڕووی چیرۆکی ڕاستەقینەی ژیانی خۆی، بەشێوەی ڕۆمانسیەتێکی ڕۆمانی.) (وسیلة،صباح،٢٠١٩-٢٠٢٠، ٢٠-٢١)

## بەشی دووەم:

### تەوەری یەکەم: پێگەی ڕۆمان لەزانستی ئەنسرۆپۆلۆژیدا/ الأنثروبولوجياوالروايات:

پەیوەندی نێوان ئەنسرۆپۆلۆژی و گێڕانەوەی چیرۆک و ڕۆمان (گێڕانەوە) پەیوەندییەکی پڕ لەکاریگەری وکارلێکەرە، کە هەریەکەیان یارمەتیدەرە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەوی تر بەجۆرێک ئەنسرۆپۆلۆژی لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگا و کەلتوورەکانەوە ماددەی دەوڵەمەند بۆ چیرۆک و ڕۆمان دابین دەکات، لە کاتێکدا گێڕانەوە چیرۆکی وڕۆمانیەکان وەک ئامرازێک بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لە دیاردە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان خزمەت دەکەن. مەبەستی هەردوو بابەتەکەیش واتا (هەم لێکۆڵینەوەی

ئەنسرۆپۆلۆژی و هەم داهێنەری ئەدەبی بەتایبەتی ڕۆمان بنیاتنانەوەی جیهانی مرۆڤایەتیە، کە لەدەوری ئەم دوو چالاکیەدا دەسورێتەوە.) (ناریمان ،لیلة،٢٠١٩-٢٠٢٠، ٤٤) هەرچەندە لەمیتۆدی تێگەیشتن و دەربڕینی ئەوجیهانەدا جیاوازیان هەیە بەڵام (هەم کاری ئەنسرۆپۆلۆژی و هەم ڕۆمانی داهێنەر توخمەکانی خۆیان لەکۆمەڵگەو واقیعی زیندووەوە وەردەگرن، جگە لەچەند حالەتێکی دەگمەن و لە جۆرێکی دیاریکراوی ڕۆمان نەبێت.) (هەرئەوسەرچاوەیە،٤٤) ئەمەیش لەبەرهەمە ئەنسرۆپۆلۆژیە گەورەکاندا بەڕوونی دیارە، کە(پێشەنگەکانی ئەنسرۆپۆلۆژی لەسەدەی نۆزدەدا بڵاویان کردۆتەوە و هاوکاتی سەرهەڵدانی ڕۆمانە گەورەکان بووە لە بەریتانیا و فەرەنسا، وەک بەرهەمەکانی "سێرجەیمس فرەیزەر" بەتایبەتی کتێبی "چڵی زێرین "و بەرهەمەکانی "کلۆد لیڤی شتراوس" بەتایبەتی کتێبە چواربەرگیە شایستەکەی بەناوی ("mythologiques" ئەفسانە.) (زاید ،٢٠٠٢، ٤٧)، کە دەتوانین بڵێین: ئەمانە بەرهەمی زانستی تۆکمەن و نمونەی دیاری ئەنسرۆپۆلۆژی ئەدەبین، وەک لەبەرهەمەکەی "فرەیزەر"دا ڕوون دیارە (پەیرەوی لەشێوازو ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوە ئەنسرۆپۆلۆژیەکان کردووە، کە لەوسەردەمەدا باو بووە لەهەمان کاتیشدا بە شێوازێکی ئەدەبی پاڵاوتەی وا نوسراوە، کەڕکابەری پاڵاوتەترین شێوازەکانی دەربڕین دەکات لەڕۆمانە کلاسیکەکاندا.) (هەرئەوسەرچاوەیە،٤٧)، وەک چۆن (داهێنەری ڕۆمان بەدوای تێگەیشتن لەمرۆڤدا دەگەڕێت، ئەنسرۆپۆلۆژیا بەدوای زانینی سەرچاوەی مرۆڤدا دەگەڕێت.) (ناریمان،لیلة،٢٠١٩-٢٠٢٠، ٤٥) وەک ئەوەی "فرەیزەر" لەم نزیک کردنەوەو هاوبەشیکردنەی نێوانیان واتە تێکەڵکردنی ڕۆمان و ئەنسرۆپۆلۆژیدا سەرکەوتووبووە و شێوازێکی ئەدەبی سەرنجڕاکێشی لەگەڵ گەیاندنی ڕاستیە زانستیە دیارەکانی ئەو سەردەمەدا تێکەڵ کردووە. پەیوەندی نێوان ئەنسرۆپۆلۆژی و ڕۆمان پەیوەندیەکی ئاشکراودیارە، چونکە ڕۆمانەکان گێڕانەوەی (چیرۆکی مرۆڤ و کۆمەڵ و کەسایەتی و چیرۆکی گوند و شار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و خەم و ڕووداوە گۆڕاوەکان لەخۆ دەگرێت، ئەنسرۆپۆلۆژیاش هەموو ڕووداوەکان و ململانێ کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی و خەم و نەهامەتییەکانی ناو ڕۆمانەکە دەخوێنێتەوە.) (علاق،٢٠٢٠-٢٠٢١، ٢٢) بۆ ئەوەی وشەکانی لە جیهانی ڕۆمانەکەدا جێگیر بێت و هەموو ئەوەی، کە سوود بە شیکارییە ئەنسرۆپۆلۆژییەکان دەگەیەنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی و ئەو ئەنجامانەی، کە هەوڵی بۆ دەدات، لێی دەربهێنێت.

کەواتا دەکرێت بڵێین: ئەوماددە دەوڵەمەندانەی ئەنسرۆپۆلۆژی بۆ گێڕانەوەی ڕۆمان دابینیان دەکات، خۆی لەلێکۆڵینەوە لەئایدۆلۆژیا، دابونەریت، بیروباوەڕ، بەهاکان، ئەفسانەکان و کردارە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان دەبینێتەوە و یارمەتیدەرە بۆتێگەیشتن لەباکگراوندە کەلتووریەکان. کارەکتەرەکانی ناوگێڕانەوەکانیش وا دەکەن واقیعی تر و قووڵتر ببینرێن بەشێوەیەک ڕۆمان دەتوانێت کارەکتەر و ڕووداوەکانی لە

توێژینەوە ئەنسرۆپۆلۆژیەکانەوە وەربگرێت و بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش بیانخاتەڕوو. وەک ئەوەی "میشێل فۆکۆ"، کە پێی وابوو (ڕادەی زانین و تێگەیشتن لەخودی گوتارەکان دەشێ بنە پێوەری ڕاستی وناڕاستی ئەم گوتارانە و بەربەرەکانێ و ململانێی نێوان چینە کۆمەڵایەتیەکانیش لە لایەنگیری و دژایەتی گوتارەکانەوە سەرچاوە دەگرێت.) (ابراهیم،غریب،احمد ،٢٠٢٢، ٢٧١) فۆکۆ پێی وابوو(زۆربەی گوتنەکانمان دەکەوێتە ژێرباری ئایدۆلۆجیا بۆیە زانینمان دەربارەی مەسەلەیەک یان بابەتێک یان بارێکی کۆمەڵایەتی دیار لەئەنجامی پێشبڕکێی چەند جۆرە گوتارێک وهێزی ڕاکێشانی هێزە کۆمەڵایەتیە سەرکەوتەکان دەبێت، ئەنجامی کۆتایی ئەم بەربەرە کانێیەیش ڕاستی و دروستی ئەم گوتارانە ساغ دەکاتەوە.) (هەرئەوسەرچاوەیە،٢٧١)

ڕۆمانەکان ئامرازێکی ورد و کاریگەرن بۆبەجیهانیکردنی بیرۆکە و چەمکەکانی ئەنسرۆپۆلۆژی بەشێوەیەکی فراوانتر لەوەی، کە هەیە ئەمە جگە لەوەی، کە (مێژوو ناتوانێت ژیانی ناوەوەی گەلان و هەڵسوکەوتەکانیان بەرامبەر بەستەمکاران تۆمار بکات و تواناى چونە تاریکی و قوڵایی عەقڵی گەلانی نیە، بەڵام چیرۆک وڕۆمانەکان ڕۆشنایی دەخەنە سەرئەم وردەکاریانە و هەستی گەلان دەجوڵێنن.) (عبد الستاروآخرون،٢٠١٦، ٥٠) چیرۆک دەتوانێت شیکردنەوەیەکی قووڵ بۆ دیاردە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێشکەش بکات و ڕێگە بە خوێنەر بدات باشتر لێیان تێبگات سەرەڕای ئەوەی، کە چیرۆک ئامرازێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان، کە لە کۆمەڵگاکاندا ڕوو دەدەن و چۆنیەتی ڕوودانی ئەم پرۆسەیە بۆ نەوەکانی دواتر دەخاتەڕوو. بەجۆرێک گێڕانەوەی داهێنەرانە دەتوانێت (جیهانگیریەک بدات بە نیگەرانی و ئاوات و هەڵوێست و تێرامانەکانی گەلان لەچارەنوس بۆ گەیشتن بەجیهان وئاشکراکردنی نهێنیەکان، گێڕانەوەیەک، کە گرنگی بەهیچ شتێکی ترنادات جگە لەبەڵگەنامەکردنی ژیانی مرۆڤ و ڕووداوەکان وفۆرمەلەکردنی بەشێوەیەکی داهێنەرانە، کە دیدگای خۆی بۆ واقیع چڕدەکاتەوە بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی ئەوکۆسپانە بۆجیهان.) (هەرئەوسەر چاوەیە،٥٠) هەموو ئەمانەیش لەڕێگەی گوتارەوە ئاماژەیان پێدەکرێت ناساندنی گوتاریش بەبۆچوونی "بەختیار علی" (بریتیە لەپێکهاتەیەکی مانادار لەسەر سنورەکانی فیکرو و اقیعدا دەردەکەوێت، بابەتەکانیشی هەڵگری سیماوخەسڵەتی ئەو سیستەمە ئەقڵیەیە، کە لەناویدا بەرهەم دێت و ملکەچی کۆمەڵێ یاسای دەرکەوتن و ونبوونی تایبەتن، زۆر لەشێوازەکانی وتن و نوسین ودابەشبوونی مانا لەڕێی کارکردنی ئەوەوە خۆیان ئاشکرا دەکەن هەمیشەیش بەشێکە لەیەکەیەکی گەورەتر، کە چەند گوتارێکی جیاواز بەیەکەوە گرێ دەداتەوە، هەتا ئەگەر بەیەکەوە گرێدانێکی مەجازیش بێت- بۆڕاقەکردنی گوتار جگە لەسنوورەکانی تر قوڵاییەکانی دیکەی وەکو سایکۆلۆژیا، هۆشیاری، دەلالەتی زمان لەواقیعی

ئێمەدا بایەخی خۆیان ون ناکەن.) (ابراهیم، غریب،احمد ،٢٠٢٢، ٢٧١) کەواتا ئاسایی و یاساییە ئەگەر بڵێین: گوتاری ئەنسرۆپۆلۆژی ئەدەبی تۆڕێکی فرەچەشن و ئاڵۆزەو لەقولایی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆڤەوە سەردەردێنێت و لەبارەیانەوە دەدوێت. ئەنسرۆپۆلۆژی (وێنەی ژیانی کۆمەڵگە دەکێشێ و ژیانیش بێ جوڵەنابێ، کە بونەوەرەکان بەتایبەتی مرۆڤ ڕۆڵی سەرەکی لەوجوڵەیەدا دەگێرن، چونکە جوڵەی جەستە ڕەنگدانەوەی جوڵەی هزرە.) (کەریم،٢٠٢٠ ،١٧٢) و ئەم تایبەتمەندیەیش لەمرۆڤدا بەدی دەکرێت، بەوپێیەی، کە کولتووریش داهێنراوی مرۆڤە، لەکۆمەڵگە جیاوازەکاندا دەبێتە بابەتێکی گرنگی لێکۆڵینەوە ئەنسرۆپۆلۆژیەکان. (ئەدەبیش ئەو لایەنەی کلتوورە، کە دەبێت زیاتر ببینرێت و لێی تێبگەین.) (ماریل،٢٠٢١، ٥٥) دەکرێت کلتور لەئاوێنەی ئەنسرۆپۆلۆژی و ئەدەبەوە لێی بکۆڵرێتەوە، بەجۆرێک لەئەنسرۆپۆلۆژیدا بەکاری مەیدانی و هەروەها وەسفکردنی کلتوور لەڕێی شیکردنەوەی ڕەفتارە ئەدەبیەکانەوە. ئەنسرۆپۆلۆژی میتۆدی زانستی لەلێکۆڵینەوەکانیدا بەکاردەهێنێت، لە کاتێکدا ئەدەب ( تێکەڵەیەکە لەواقیع و خەیاڵ، هەربۆیە کارلێکێک لەنێوان پێدراو و خەیاڵکراودا درووست دەکات.) (إیزر،١٩٩٨، ٧) هەرچەندە ئەدەب خۆی بەشێکە لەکلتوور دەتوانێت هاوشانی ئەنسرۆپۆلۆژی وەک ئامرازێک بۆ شیکردنەوەی دیاردە کەلتووری و کۆمەڵایەتیەکان خزمەت بکات بەڵام لە ڕوانگەیەکی هونەری و داهێنەرانەوە، کە چێژێکی جیاواز دەبەخشێت بەخوێنەران و ئاشنایەتی زیاتر بۆ کلتورەکان پەیدا دەکات ئەویش لەڕێی گوتارە جیاوازەکانەوە، کەپێشتر ئاماژەمان پێکرد. لە"ئەنسرۆپۆلۆژیای گێڕانەوە"دا ئەگەر گوتاری ئەنسرۆپۆلۆژی لەسەرئاستی میکانیزم وئامرازەکانی کارکردنی لەدروستکردنی گوتارە مەعریفیەکەیدا پشتی بەگێڕانەوە و وەسف بەستبێت و ئەم میکانیزم وئامرازانەیش (لەهەموو شتێک گرنگتر بن، کە نوسینی ئەدەبی گێڕانەوەیی بەتایبەتی چیرۆکی و ڕۆمانی جیادەکاتەوە. وەئەگەر کارەکتەرەکانی بواری ئەنسرۆپۆلۆژی واتا دانیشتوان یان خەڵکی ئاسایی بکەنە کەسایەتیەکانی ناو نوسینە گێڕانەوەییەکە و دیاردە ئەنترۆپۆسیاسیەکان وکۆمەڵایەتیەکانیش بابەتی دیاری ئەنسرۆپۆلۆژیابن، کە هەمان ئەو دیاردانەن ڕۆماننوس وچیرۆکنوس لێیان وەردەگرن ودەبنە چوارچێوەی دەرەوەی دەقەکانیان.) (أبلال،٢٠١١، ٧) ئایا لەم حاڵەتەدا مافی ئەوەمان نیە پرسیاربکەین دەربارەی ئاستی پەیوەندی و تێکەڵ بوونی هەردوو گوتارەکەو لەئەنجامدا ئەگەری سوود وەرگرتنی هەرگوتارێک لەوەی دیکە؟ بەدڵنیایەوە نەک هەر گوتارە جیاوازەکانی ئەنسرۆپۆلۆژیا بەشێوەیەکی زنجیرەیی بەیەکەوە بەستراون و بەدوای یەکدا دێن، بەڵکو دەکرێت بڵێین: گێڕانەوە، میتۆدەکانی ئەنسرۆپۆلۆژیاو تەکنیکی چیرۆک گێڕانەوە تێکەڵ دەکات و بەکاریان دەهێنێت بۆ تێگەیشتن لەکەلتوور و کۆمەڵگە. ڕەسەنایەتی ئەنسرۆپۆلۆژی لەناو دەقە ئەدەبیەکاندا دەبنە ڕێبەریەکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوەی ئەنسرۆپۆلۆژیای ئەدەبی وەک "جێرمی

مەکلانسی" مامۆستای ئەنسرۆپۆلۆژی لەزانکۆی "ئۆکسفۆرد بروکس" لەبەریتانیا و بەڕێوەبەری سەنتەری ئەنسرۆپۆلۆژی بۆ پاراستن و گەشەپێدانی یەدەگی سرووشتی دەڵیت: (ئەگەر نوسەرێک وەک ئەنسرۆپۆلۆژیستێک ئاماژە بەکارەکتەرێک بکات من ئەوە وەک نمونەیەکی شایستەی لێکۆڵینەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەم، تەنانەت ئەگەر مەبەست لەزاراوەکە وەک زۆرجار لەڕۆمانە ئەمریکیەکاندا ڕوو دەدات زانای بواری شوێنەوارناسی یان زانای بواری پاشماوە بەردینەکان یان زانای بواری زمانەوانی بێت.) (مكلانسي،٢٠٢١، ٧٤) یاخود نمونەی ئەم جۆرە ڕۆمانانە ئەوانەن، کەڕەنگدانەوەی کاریگەری جیهانگیرین لەسەر کۆمەڵگا تەقلیدییەکان، ئەوانەی باس لە کێشەکانی ناسنامەی کولتووری و ململانێی نێوان نەوەکان دەکەن، ڕۆمانەکان، کە کاریگەری ئایین وبیرو باوەڕەکان لەسەر ژیانی تاکەکان دەخەنەڕوو، ڕۆمانەکان، کە باس لەدابونەریتی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو هتد... دەکەن. نمونەی بەرزی ئەم گرنگیدانەیش بە مەعریفەی کلتووری "کلۆد لیڤی شتراوس"ە و بەڕای ئەو( مەعریفە دەرئەنجامی پێکگەیشتنی تۆیە لەگەڵ بەرامبەرەکەت، زادەی کارلێککردنی نێوان کلتوورەکە ی خۆت و کلتورەکانی ئەوانی دیە، تۆ بۆئەوەی بچیتە ناوجیهانی مەعریفەوە دەبێت کەمێک لەجیهانەکەی خۆت دوور بکەویتەوە تاوەکو بتوانیت لەبار بیت بۆ دەسکەوتن و وەرگرتنی مەعریفەیەکی تازە.) ( عەلادين،٢٠١٠، ٣٨) ئەمەیش بەریەککەوتنی کلتوری و ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی لێ دێتە بوون. لە ئەنجامی گەشتکردن یان خوێندنەوە و نوسین و وەرگێرانی بەرهەمەئەدەبیە ئەنسرۆپۆلۆژیەکان. نوسەری خاوەن هەڵوێست بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە بۆیە لەهەرشوێنێکی ئەوکۆمەڵگایە بابەتێک هەبێت، کە شیاوی قسەلەسەرکردن بێت ئەوا دەبێ ڕاستەوخۆ قسەی خۆی هەبێت و پەنجە لەسەر ئاریشەکان دابنێت، چونکە ( نوسەر خاوەنی پەیامێکی کۆمەڵایەتیە، ئەوپەیامەی، کە باوەڕی پێیەتی لەهۆشیاری خۆی وهەستکردن بەبەرپرسیارێتیەوە هاتووە، بەرپرسیارێتی بەرامبەربەویژدان وبیروباوەڕوئەو کۆمەڵگەیەی، کە هی ئەوە، تەنانەت بەرامبەر بەهەموو مرۆڤایەتیش، جا بەهۆی کارەکەیی و ئەو ئەرکەی لەسەر شانیەتی، ناتوانێت ئەوشتانە فەرامۆش بکات، کە لەدەوروبەریدا دەگوزەرێن.) (قادر،سعيد، ٢٠٢٣، ٦١) هەربۆیە ئەنسرۆپۆلۆژیا دەتوانێت بابەتێکی دەوڵەمەند لەسەر کرداره کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا پێشکەش بەچیرۆکبێژ بکات، لەبەرامبەردا چیرۆکەکە دەتوانێت تێگەیشتنێکی قوڵتر پێشکەش بەخوێنەر بکات لە ڕێگەی پێشکەشکردنیان لە چوار چێوەی گێرانەوەدا.

لەکۆتایدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە پەیوەندی و(پێناسەوبابەتەکانی ئەنسرۆپۆلۆژی بەپێی سەردەمەکان جیاواز بوون وبەگوێرەی ئەو بابەتانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە مەمەڵەیان لەگەڵدا کراوەوئەوەندەی پەیوەندی بەفرە بواریەوە هەیە هێندە تایبەت نەکراوە بەبوارێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو

لەلایەک مێژووە لەلایەک ئەدەبیاتە، ئامانج و غەمی لێکۆڵینەوەی مرۆڤە لەناوەوە و دەرەوە، چەند لقێکی درێژکراوەی جیاوازی هەیە و پەیوەندی لەگەڵ هەموو زانستەکانی تردا هەیە.) (علاق،٢٠٢٠-٢٠٢١، ٢٢)، کە بەهەمان شێوەی پەیوەندی نێوان ئەنسرۆپۆ لۆژی و گێرانەوەی چیرۆک و ڕۆمان وەک لەسەرەوە باسمان کرد پەیوەندییەکی تەواوکەرە، کەهەریەکەیان سوود لە ئەوی تر وەردەگرن بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی دیاردە کولتووری و کۆمەڵایەتیەکان.هەروەک "میخایل باختین " پێی وایە (شێوەوناوڕۆک یەک شتن لەناوگوتارێکی ڕەچاوکراو و باوەڕپێکراودا وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵایەتیە لەهەموو ئەگەرەکانی بوون و توخمەکانیدا، کە لەوێنەی دەنگیەوە دەست پێدەکات و دەگاتە پۆلێنکردنە واتاییە هەرە وردەکان.) (باختین،١٩٨٧، ٣٥) بەم پێیە هەردەنگێک لەنێو چیرۆک و ڕۆمانەکاندا گۆ دەکرێت لەتوانایدایە ڕۆبچێتە ناو قوڵایی کۆمەڵگەو لەئاستی کۆمەڵایەتیدا بەردەنگەکانی تر بکەوێت، کە لێرەدا جیاوازی و هەمەڕەنگی دێنە کایەوە و هەرلەبەر ئەوەیشە ڕۆمان لای باختین دەبێتە شێوەیەک لەشێوەکانی ئەنسرۆپۆلۆژیا. چونکە ئەو ڕۆمانانەی کاریگەری ڕیشەییان لەسەر تاکی نێو کۆمەڵگەکانی خۆیان هەبووە، (باس لەقۆناغێکی گرنگی مێژوویی دەکەن، کە شوێن و کاتی ڕووداوەکان لەهەل و مەرجە کۆمەڵایەتیەکان ودابونەریتەکانی ڕابردوودا بەشێوەیەکی هونەریانەو واقیعیانە نمایش دەکرێنەوە، کەلەگەڵ واقیعی مێژوویی ئەوسەردەمەدا هاوشێوەن.) (ئەبراهام،٢٠٢٣، ١٠١)

**تەوەری دووەم: پراکتیزەکردنی ئەدەبی گەشتیاری و هونەری ژیاننامە لەڕۆمانی "بۆنی بونیادەم" لەنوسینی جەلیل کاکەوەیس:**

نوسەری گەشتیار لەگەشتەکەیدا (وەسفێکی وردی ئەوداب و نەریت و ڕەفتارانە دەکات، کەچاودێری کردوون، لەم وەسفەیشدا خاوەنی فەلسەفەیەکی تێکەڵە بەپەیکەری دەقی ئەدەبی، کەلەدیدگای نوسەروفەلسەفەکەیەوە ڕەنگ کراوە.) (حسین،٢٠٢٤، ٤٨٢) لەم نێوەندەیشدا دەتوانین بڵێین توخمەکانی گێرانەوە، بەئەندازەی خۆیان دەورێکی فرەچەشن دەبینن، وەک ئەوەی لەم جۆرە گێرانانەوەیەدا وەسف زاڵ دەبێت بەسەر دیالۆگداو وای لێدەکات هونەرێکی فرە ڕەگ بێت و لەگەڵ ژانرەکانی تری وەک ئەدەب، کۆمەڵناسی، فەلسەفە و مرۆڤناسی و ...هتد ئاوێزانی دەکات. هەرلەبەرئەم هۆکارەیە، کە ئەدەبی سەفەر (بەگوتارەکەی پێناسە دەکرێت و جیهانی گێرانەوەی خۆی لەسەربنیات دەنێت، یادەوەریش وەک ناوبژیوانێک لەنێوان کردەی سەفەرو کردەی گوتاردا کاردەکات بەجۆرێک ڕێرەوی ڕووداوەکان بەبیری گەشتیار دەهێنیتەوە و بەرهەمیان دەهێنێتەوە، جگەلەوەی نوێنەرایەتی ئەزموونەکان پێکدەهێنێت.) (البليهد ،٢٠١٩، ٤٧) ئەمەیش دەبێتە ئەڵقەی بەیەکەوە بەستنی نێوان "نوسەر- گەشت- ژیاننامە". هەرلەبارەی ئەدەبی گەشتیاریەوە دکتور "انعام الحق غازی"دەڵێت: (ژانرێکی ئەدەبی

پشتگوێخراوەو هەمە چەشنیەکی زۆری هەیە و سەرچاوەکانی دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی کۆن، چەندین نوسەری بەناوبانگی کۆن بەشداریان تێداکردووە، لەوانە دبلۆماتکاران،زانایان،وتاریێژان،پزیشکان، ئەم ژانرەئەدەبیە بەرهەمەکانی پەیوەست بەگەڕان و سەرگەرمی لەخۆدەگرێت، هەروەها تۆمارێکە، کەتێبینیەکانی گەشتیاران لەبارەی خاکە بیانیەکانەوە لەخۆدەگرێت.) (بادشاه،٢٠٠٩-٢٠١٣، ١٤)
ئاشکرایە دەستەواژەی پراکتیزەکردنی ئەدەبیاتی سەفەر و ژیاننامە لەڕۆماندا ئاماژەیە بۆ دوو جۆر نوسینی ئەدەبی لەناو ڕۆماندا، کە هەردووکیان خۆی لەژیان و ئەزموونی نوسەردا دەبینێتەوە، بەبێ ئەوەی وەک ئەزمونێکی واقیعی ژیانی بیخاتەڕوو، بەڵکو لەڕێگەی ئەزمونێکی هونەریەوە دیدگا ئایدۆلۆژی و دەروونیەکانی یان بیروباوەڕە کۆمەڵایەتی و کلتوریەکانی پیشانی خوێنەران دەدات. گەشتیش بەشێکە لەژیاننامە گشتیەکەی هەرنوسەرێک، ئەدەبی گەشت و ژیاننامە دووجۆری جیاوازی ئەدەبیاتن، (سەفەرنامە بەگشتی لەتۆمارکردن و شێوازی دەربڕین و وەسفەکانیدا نایاب و ناوازەیە، پشت بەچاودێریکردنی ڕاستەوخۆو ورد یان خەیاڵ دەبەستێت بۆدروستکردنی وەسفی سروشت و گەردوون و ئەوشتانەی، کە نوسەری سەفەرکار دەجوڵێنن و بەهەست و سۆزەکانی ڕەنگیان دەکات.) (فاتح،٢٠١٢-٢٠١٣، ٨) واتا ئەدەبی گەشت و گوزار باس لە گەشتی نووسەران و ئەزموونەکانیان دەکات لەکاتی هاتوچۆکردن بە دەوری جیهاندا، لەکاتێکدا ژیاننامە (پەیوەستەبەبنیاتنانی جۆرە پەیماننامەیەک، کە ڕوونکردنەوەو پێشەکی و داوای لێبوردن و ڕاگەیاندنی نیاز لەخۆبگرێت، هەروەها تۆری پەیوەندیە ناو خۆییەکانی ناو ژیاننامەیە، کە لەڕێگەیەوە دەگەینە ئەوراستیەیی، کە ئەوەی لەبەرهەمی ئەدەبی ڕۆماندا هاتووە خۆی لەخۆیدا ژیاننامەیە.) (بوعزة،کبريت،٢٠١٧، ١٨٩) کەواتا لەم جۆرە ڕۆمانانەدا نوسەر ئەزموونی سەفەروئەوتێبینیە کلتووری و جوگرافی و مرۆییانە دەکات، کە لەکاتی جوڵە کردنیان لەنێوان شوێنەکاندا دەیانبینێت. کاتێکیش گەشتەکە لەناو ڕۆمانەکەدا ڕەنگ دەداتەوە، ڕۆمانەکە دەبێتە ئامرازێک بۆ وێناکردنی گۆڕانی ناوخۆیی و دەرەکی کارەکتەر لەسەرانسەری فەزای ڕۆمانەکەدا و خۆی لەگەشتێکی فیزیکی و ڕەمزیشدا دەبینێتەوە. ژیاننامە ڕاگەیاندنی ناسنامەیە، باس لە ژیانی ئەو کەسە دەکات، کە نووسیوێەتی و ئەزموونێکی کەسییە. واتا (ئەوحالەتەیە، کە مرۆڤ و ئەوانی تر تێیدان، وەک دەوترێت ژیاننامەی فڵان کەسم خوێندەوە، واتا مێژووی ژیانی.) (البغدادی،٢٠١٦، ١٩٠) لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دوو جۆرەی ئەدەبیات لەیەک دەچن بەوەی، کە گوزارشت لە ئەزموونی کەسیی نووسەر یان کەسایەتیەکی ئایینی دەکەن، واتا چیرۆکێکی کەسیی یان خودی پێشکەش دەکەن و مامەڵە لەگەڵ گەشەی کەسایەتیدا دەکەن. لەم نێوەندەیشدا دەکرێت ئەدەبی گەشتیاری بەشێک بێت لە ژیاننامە، کە تیایدا نووسەر باسی گەشت و ئەزموونی تایبەتی خۆی یان کەسێکی تر دەکات. (ئەدەبیاتی

سەفەرجێگەی سەرنجە تەنانەت ئەگەر بێبەش نەبێت لەلایەنی زانستی، کە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دەردەکەوێت.) (أمیر،بولعەسل،٢٠٢١، ١٩٦٤)، چونکە لەچەمکە گشتیەکەیدا نووسەر ئەزمونێکی واقیعی دەگۆڕێ بۆ ئەزمونێکی ڕەمزی و مرۆیی، کە گوزارشت لەناسنامە و نامۆبوون و گەڕان بەدوای خود یان دۆزینەوەی ئەوی تردا دەکات، ئەمانەیش دەبنە هەوێنی ڕۆمانسازی، کەدەکرێت نووسەر گەشتێکی خودی یان کەسایەتیەکی نەتەوەیی و ئاینی بکاتە پێکهاتەی گێڕانەوەکەی و بیکاتە دەروازەیەک بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناو گەشتەکە، ئەمەیش جیهانێکی نوێ بۆ پاڵەوانی ڕۆمانەکە دەکاتەوە و ڕێگە بەبەریەککەوتنی نێوان کلتوورەکان و بەهاکان دەدات. سەبارەت بەژیاننامە دەتوانین بڵێین: بەدرێژایی مێژوو بەبەڵگەی حاشا هەڵنەگر ژیاننامە (ژانەرێکی ئەدەبی سەربەخۆ بووە، کە بناغە و پێکهاتەیەکی تایبەتی خۆی هەبووە، بەلام بەهۆی هەمەچەشنی و کرانەوە زۆرەکانی بۆتە هۆی ئەوەی، کەچەندین لق و پۆپی چۆنایەتی درووست بکات بۆ شێوازە جۆراوجۆرەکانی نوسینی داهێنەرانە.) (الحچامی،جاسم،٢٠١٩، ٤٥٥) ئەمەیش بۆتەهۆی (پۆلێنکردنی جۆرەکانی بۆدەیان جۆر، کە زۆربەیان لەڕێی گەردانکردنی ژانەری ئۆتۆبایۆگرافی لەگەڵ ژانەرە ئەدەبیەکانی تری وەک "ڕۆمان، کورتەچیرۆک، وتار، شیعر، بیرەوەری و...هتد) (هەمان سەرچاوە،٤٥٥) بەرهەمهاتوون. هەندێک جار نووسەر باس لەژیاننامەی خۆی دەکات هەندێک جاریش باس لەژیاننامەی هەڵکەوتەیەکی نەتەوەیی یان ئاینی دەکات، لەهەردوو جۆرەکەیشدا ئەزموونێکی بینراوە و دەگۆڕێت بۆ فۆرمێکی ئەدەبی و خەیاڵی. ڕەخنەگری فەرەنسی "فیلیپ لیجۆن" –"Philippe lejeune " ژیاننامە پێناسەدەکات بەوەی (فلاشباکی نوسراوە، کەمرۆڤێکی ڕاستەقینە چیرۆکێک لەبارەی بوونی خۆیەوە دەگێڕێتەوە و جەخت لەسەرمێژووی ژیانی تاکەکەسی خۆی دەکاتەوە.) (راغب،١٩٩٦، ١٨٣) هەروەها "تۆماس کارلابڵ"چەمکێکی تری هەبوو کاتێک وتی (ژیاننامە "ژیانی مرۆڤە" واتا ژیاننامە دەرپرینی هەموو ئەوشتانەیە، کە لەژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا ڕوو دەدەن.) (قصاب،براهیمی،٢٠١٩-٢٠٢٠، ٤٠) ئەمە جگەلەوەی لە کتێبی "چیرۆک و گۆشە"ی "عەزیزە ماردیندا" هاتووە، کە (ژیاننامە جۆرێکە لەچیرۆک، کە دەق لەگەڵ مێژودا تێکەڵ دەکات، کەتێیدا نوسەر باس لەگرنگترین ڕووداوەکانی ژیانی کەسایەتیەک دەکات.) (هەمان سەرچاوە،٤٠) ئەم پراکتیزە کردنەی ژیاننامە لەڕۆماندا هەندێک جار بەڕۆمانی ژیاننامەیی ناسراوە، کە حەقیقەت لەگەڵ خەیاڵ و واقیع لەگەڵ لێکدانەوەی ئەدەبیدا تێکەڵ دەبێت، لێرەدا دەکرێت نووسەر لەڕێی پاڵەوانێکی خەیاڵیەوە یادەوەریەکان و ناسنامەی خۆی بهێڵێتەوە، کەهاوشێوەی خۆیەتی بەبێ ئەوەی بەتەواوی وەک یەک بن. یاخود هەندێک جار نووسەر ڕاستەوخۆ ژیاننامەی کەسێکی ناسراوی نەتەوەکەی وەک خۆی بەڵام لەشێوەیەکی هونەری وخەیاڵیدا دەگێڕێتەوە. وەک (ڕۆمانی"ڕۆژەکان"ی تەهاحسین) (أنظر: روایة الأیام ،حسین،١٩٩٢ ) و ("بۆنی بونیادەم"ی جەلیل

كاکەوەیس.) (پڕوانە: ڕۆمانی بۆنی بونیادەم، کاکەوەیس، ٢٠١٧)، کە هونەری ژیاننامە تێیاندا ڕەنگ دەدەنەوە.
لەبەرئەوەی ژیاننامە دوو زاراوە لەخۆدەگرێت ئەوانیش بریتین لە( ژیاننامە- السیرة، و خودێتی- الذات، کەیەکەمیان ئاماژەیە بۆ شێواز یان فۆرمی ژیان دووەمیشیان ئاماژەیە بۆ ناسنامەی گێڕەرەوە یان نووسەر.) (قصاب،براهیمی،٢٠١٩-٢٠٢٠، ٣٩) هەربۆیە کاتێک ئەدەبیاتی سەفەر و ژیاننامە لەڕۆمانێکدا یەک دەگرنەوە ئەوا دەقەکە هەم دەبێتە گەشتێک بەناو جیهانیکی ترداو هەم دەبێتە گەشتێک بەناو خوددا لەیەک کاتدا، واتا نوسەر بەجیهاندا دەگەڕێت بۆئەوەی خۆی بدۆزێتەوە، فێربێت و ئەزموونی زیاتر وەربگرێت. (گەشتیاران لەگەشتەکانیاندا باس لەوقۆناغانەدەکەن، کەپێیدا تێپەڕیون لەگەڵ ئەودیمەن و ڕووداوانەی، کە بینیویانە جگە لەباسکردنی زۆرێک لەڕەفتاروئەزمونەکەسیەکان ئەمەیش وادەکات ئەم جۆرە سەفەرانە هاوکات بێت لەگەڵ ژیاننامەی کەسی خاوەنەکەی.) (عزلاوی،٢٠١٢، ٤٠)وەک گەشتەکانی (ئەبو محەمەد عەبدەری بۆ ڕۆژهەڵات و ئیبن ڕەشید ئەلسەبەتی بۆ مەککەو ئیبن بەطوتە بەناوی نۆریننامەیەک بۆجوانی وسەرسوڕهێنەرانی شاروولاتان.)(هەمان سەرچاوە،٤٠-٤١) و گەشتەکەی (مەولاناخالیدی نەقشبەندی بۆ هیندستان.) (صابر،٢٠١٨، ١٠٧) ئەم شێوازەیش زۆرجار لەڕۆمانی مۆدێرندا بەکاردەهێنرێت، کە بەدواداچوون بۆ ناسنامە، دەربەدەریی، نۆستالژیاو ئەزموونی مرۆڤایەتی دەکەن، کەنمایشێکە لەنێوان ئەزموونی تاک و فەزایەکی گشتیدا ودەبنە دوو توخمی سەرەکی لەداڕشتنی گێرانەوەکەدا. وەک لەڕۆمانی ("الممنوعة"ی ملکة مقدم.)(انظر: التداخل بین الروائی والسیر الذاتی من خلال روایة لملکة مقدم، صابر،براهیمی،٢٠١٩-٢٠٢٠) و ("وەرزی کۆچکردن بۆباکور"ی تەیب صالەح.) (انظر:صالح، ١٩٨١، موسم الهجرة الی الشمال) بەدیار دەکەوێت.
ڕۆمانی هاوچەرخ چیتر تەنیا گێرانەوەیەکی خەیاڵی نییە، بەڵکو بۆتە فەزایەکی فراوان بۆ بەرجەستەکردنی گەشتە دەرەکی و ناوخۆییەکان، گەشتی وخود و بەرکەوتەی لەگەڵ خودەکانی تر لەدەرەوەی چوارچێوە کۆمەڵایەتیەکەی خۆیدا. بەوپێیەی، ڕۆمانی نوێ (بەگشتی هیچ کێشەیەک نابینێت لەدەوڵەمەندکردنی دەقی گێرانەوەکانی بەفۆلکلۆر و توخمە ئەفسانەییە کان و داستانەگشتیەکان.) (مرتاض،١٩٩٨، ١١) بەبەکارهێنانی توخمەکانی ئەدەبیاتی سەفەریش هەوڵدەدات ئەوگۆڕانکاریە کلتووری و کۆمەڵایەتیانە ئاشکرا بکات، کە تاک لەجوڵەی نێوان شوێنەکاندا بەسەری دێت، ئەمەلەکاتێکدا نوسەر لەڕێی ئۆتۆبایۆگرافی خۆی یان کەسێکی دی لەڕێگەی کارەکتەری ناوەندی ڕۆمانەکەوە دەگێڕێتەوە و قوڵایی مرۆیی خۆی بەڕۆمانەکە دەبەخشێت. بەبەکارهێنانی ئەم دوو هونەرەیش واتا ئەدەبی سەفەر و ژیاننامە دەق دەبێتە ئاوێنەیەکی دوانەیی، کەلەیەککاتدا ڕەنگدانەوەی واقیعی دەرەکی و ناوەوەی مرۆڤە.

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا ڕۆمانی "بۆنی بونیادەم"ی جەلیل کاکە وەیس" مان وەک نموونەیەک بەکارهێناوە، کەدەتوانین بڵێین هەردوو بابەتەکە تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە مەبەست و پەیامی ئەم ڕۆمانە خۆی لەخۆیدا لەسەر هەردوو بنەمای گەشتەکەی مەولاناخالید و بەشێک لەژیاننامەکەی بونیاد نراوە. لێرەوە وردەکاری و ڕەهەندە شاراوەکانی پشت ڕۆمانەکە لەشێوەی ڕەمزی لەسەر یاسا ڕۆیشتووەوە لەڕێگەی وەسف و دیالۆگەوە خۆیان نمایش دەکەن. پێش هەربابەتێک گەشتەکە گەشتێکی ئاینییە و باس لەچەند سەفەرێکی زانای ئاینی و ناوداری کورد ("مەولاناخالیدی نەقشبەندی ١٧٧٨-١٨٢٧ز") (صابر،٢٠١٨، ٨) دەکات لە کورد ستان و قەڵەم ڕەوی میرنشینی بابانەوە بۆ شارەکانی مەککە و بەغداد و وڵاتی شام بەتایبەتی گەشتەکەی بۆ هیندساتان، کە بەمەبەستی تەریقەت وەرگرتن لەلایەن "شاعبداللەی دەهلەوی "ەوە ئەنجامی داوە، کە دەتوانین بڵێین: مەولانا لەگەڵ گەشتە ئیمانی و ئاینیەکانیدا هەمیشە نیشتیمانەکەی لەیاد نەکردووە و وەک دڵسۆز و ڕەخنەگرێکی ڕاستبێژ دۆخ و گوزەرانی سەردەمەکەی خۆی خستۆتەڕوو پاشان چاو نەترسانە چارەسەریەکانیشی بەیانکردووە هەرئەمەیشە، کە بەشێک لەگەشتەکانی تری پەیوەست بوون بەو دژبەرانەی، کە هەمیشە لەبەرامبەریدا وەستاون و تۆمەتی ناڕەوایان داوەتە پاڵ. وەک لەڕۆمانەکەدا هاتووە **(جنۆکە دەسیان لێ وەشاندووە و ئاوەزیان تێکداوە، بۆیە بەردەوام بێ ئەوەی کەسێک گوێی بێت لەدەنگی بێت لێوەکانی دەجوڵێنن ... بەزۆری لەژووری مزگەوتەکەی خۆیدا بەتەنیا دادەنیشێت وتێکەڵی کەس نابێت هەندی کەس مەزندەی ئەوەی لێدەکەن، کە خەریکی کاری جادوییە....)** (کاکەوەیس ،٢٠١٧، ٣٨) دەتوانین بڵێین: لەم ڕۆمانەدا جگە لە ئامانجە سەرەکیەکەی مەولانا، کە پاکردنەوە ی ڕۆحەو ناوی ناوە "ڕووگەی ئاوات" ئەوا ئاماژەیەکی مێژوویی و فەلسەفی و کلتووری وکۆڵۆنیالیزم و ئیستیعماری گرنگیش لەم ڕۆمانەدا نیشان دەدرێت ئەوانەیش لە" نەبوونی یەکڕیزی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و شەڕی ناوخۆی میرنشینی بابان، وەک لەوتاری پێش سەفەرەکەیدا بۆ هیندستان مەولانا ئاماژەی پێدەکات **(میوانانیماڵی خودا ئێمە هەمووەمان جەستەیەکین ومیرنشینەکەمان دڵی گەورەی هەمووەمانە، ئەفسووس، کە ئێستا بەوای دزە کردنی غایلەی فریودەرەوە دڵە گەورەکەمان نەخۆشە.)** (کاکەوەیس،٢٠١٧، ٤٣) لەم گەشتەدا مەولانا، کە لەسلێمانیەوە دەستی پێکردووە ڕووبەڕووی چەندین بەرزونزمی و کلتورو بیروباوەڕو شارستانیەتی جیاواز و شێوازی ژیان و بازرگانان و جیاوازی ئەو نەتەوانە دەبووەوە، کەپێیدا تێ پەڕیوە. هەموو ئەمانەیش لەڕێگەی وەسف و دیالۆگەوە خراونەتە ڕوو وەک ئەو دیالۆگەی، کە لەگەڵ مەلا ئەسەدوڵڵای قەندەهاری لەمزگەوتی گەورەی قەندەهار ئەنجامیان داوە لەسەر بنەماکانی شەریعەت و تەریقەت، کاتێک مەولانا دەپرسێت **( - ئایا ئێوە لەپرسی کاروباری**

**ئاینەکەماندا تەنها پشت بەقورئان وفەرمودەکانی پێغەمبەر"د.خ" دەبەستن یان دابونەریتی کۆمەڵایەتی و لاتەکانیش ڕەچاو دەکەن. - ئەم پرسیارە تەنیا ئەو کەسانە دەیکەن یان سۆفین یان هەواداری تەریقەتێکی سۆفیگەرین، من پێم وایە تێکەڵکردنی شەریعەت و تەریقەت لادانە لەبنەماکانی ئاینەکەمان....)** (هەمانسەرچاوە،٦٢) هەروەها بینینی کلتووری غەیرە ئیسلامیەکان وەک ئەوەی دەڵێت: **(کۆمەڵە خەڵکێکی زۆرم بینی بەدەوری کۆمەڵە دارێکی وشک، کەبەڕێکی لەسەریەک دانرابوون ئاپۆرەیان بەستبوو، کاتێک نزیک بووینەوە بینیمان کەسێکی مردوویان لەسەر نەعشێک داناوە، ئیدی لاشەکەیان لەسەر لیژنە دارەکان داناو ئاگریان تێ بەردا، کاتێک کە دەروێش محەمەد بینی سەرنجی ئێمەی ڕاکێشاوە وتی: ئەمانە، کە مردوویەکیان لێ دەمرێت دەیسوتێنن، چونکە پێیان وایە بەم سوتانە لەگوناهەکانی پاک دەبێتەوە...)** (کاکەوەیس،٢٠١٧، ٧٣) لەشوێنێکی تردا نووسەر دیمەنی شاروبازاڕو ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی هیندستان دەخاتەڕوو **( ماوەیەکی زۆر بەبێ دەنگی بەکوچەوکۆڵانی تەنگ و بازاڕی میوە و قەسابەکاندا ڕۆیشتین، خۆمان لەشیاکە و تەرسی وڵاخی بەرزە دەپاراست، چونکە بازاڕەکە بەپاشەڕۆی ئەو گیاندارانە لەوتابوو، مانگاکان بەبێ پەروا بەبازاڕەکاندا دەسوڕانەوە و کەسێک دووری نەدەخستنەوە.)** (هەمان سەرچاوە،١٢١) لەوبەینەدا "شاعبدااللە" ی دەهلەوی، ڕوو لەمەولا نادێتەگۆ: **( هەریەکێک لەم گیاندارە بەستەزمانانە خودایەکی بێ دەسەڵات و بێ ڕاوێژە، ئاخر خودایەک ئەوەندە بێ بەزەیی بێت هەموو شوێنێ لەبەندەکانی خۆی پیس بکات چۆن خودایەکە. ئەمانە بۆ تەسەللای ڕۆحی خۆیان گیاندارێکی وەک مانگا دەکەنە پەرستراوی خۆیان و جوانی و دزێویان لێ تێکەڵ دەبێت.)** (هەمان سەرچاوە،١٢١) ئەمەیش دەچێتەوە سەر ئەو ئاراستە فەلسەفیەیی، کەدەڵێت مرۆڤ بۆئەوەی بەردەوام بێت لەژیان و بمێنێتەوە دەبێت باوەڕداربێت. هەروەها چەمکی مرۆڤ بوون بەشێوەیەکی فەلسەفی لەڕۆمانەکەدا ڕەنگ دەداتەوە، کەبەشێوەیەکی گشتی لەدەوری مرۆڤ دۆستیدا دەسوڕێتەوە وەک مەولانا لەگفتوگۆیەکدا دەڵێت: **( بنیادەم لەسەر هەر ئاین و باوەڕێک بن، ڕەنگی پێستیان و ڕەگەزیان هەرچۆنێک بێت ئافەریدەی خودان، گەر ستەمیان لێکراو لەئاست ئەو ستەمە بێدەنگ بین ئەوا لەوریتمە دەر دەچین، کەخودا بۆی داناوین بەڵام ئازاری خۆت لەهی کەسێکی تر بەسوێترە.)** (هەمان سەرچاوە، ٨٣) هەربۆیە مەولانا لەپێناو گەیشتن بەئاشتیخوازی شەڕی نەفسی دەکرد و پێی وایە خودا بۆ هاوسەنگی ئەم گەردوونە دوو هێزی درووست کردووە؛ هێزی چاکە خواز و هێزی خراپە خواز گەر ململانێی ئەم دوو هێزە نەبوایە لەسەر یەک ڕیتم دەڕۆیشتین و هەوڵمان نەدەدا بگەینە

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

یەقین. لە دیالۆگێکی فەلسەفی تردا، کە هەوڵی کوشتنی مەولانا خالید دەدەن کارەکتەری ڕاسپێردراو بەکارەکتەری بەکرێگیراو دەڵێت: **( تۆکوری سرووشتیت سروشتیش بەخشندەیە، وەک دایکێکی میهرەبان باوەش بۆ هەمووماں دەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ بەخشندەییەکەیدا سزای ئەوانەیش دەدات، کە لەیاساکەی دەردەچن، دەبینین دارێکی بەرز کاتێک سێبەر لەدرەختە بچوکەکانی دەوروبەری دەکات و لەتیشکی خۆر بێ بەشیان دەکات لەتۆڵەی ئەوە ڕەشەبایەکی بەهێز هەڵدەکات و ئەو دارە لوت بەرزە لەڕەگ و ڕیشەوە هەڵدەکێشێت و درەختە بچوکەکان ڕزگار دەکات، کە سرووشت ئاوها دادپەروەر بێت ئەی ئێمەی مرۆڤ، کەسەروەری هەموو گیاندار و بێ گیانێکین بۆچی دادپەروەر نەبین و تۆڵە لەگومڕایان نەکەینەوە.)** (هەمان سەرچاوە ؛٢٠٣) وەک وتمان داگیرکاری و زوڵمی زلهێزەکان، کەبەشێکە لەئەنسرۆپۆلۆژیای هاوچەرخ لەم ڕۆمانەدا بەدیار دەکەوێت ئەویش بەئاماژەدان بەژێردەستەکردن و کۆڵۆنیالیزمکردنی میرە کوردەکان لەلایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەویەکانەوە، هەروها ئیستیعمارکردنی هیندیەکان لەلایەن ئینگلیزەکانەوە وەک لەزاری کارەکتەری "دەروێش محەمەد"ەوە، کە بۆ مەولانا خالید دەگێڕێتەوە و دەڵێت: **( ئێرە شاری دەلهیە و ئینگلیزەکان فەرمان ڕەوایی تێدا دەکەن، ئەوان هەرچەندە داگیرکەرن بەڵام هەندێ شتی تازەیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە وەک چاپخانە، کە بەهەردوو زمانی ئینگلیزی و فارسی ڕۆژنامەوکتێب چاپ دەکەن، منێک، کە چاوم بەخانوی قورو خشتی کاڵ دروستکراو ڕاهاتبوو لێرە بەدیمەنی تەلاری ڕەنگاو ڕەنگ شەقامی ڕاست و خاوێن سەراسیمە بووبووم، تا زیاتر دەڕۆیشتین دیمەنی تازەتر ئامبازمان دەبوو، ژن و پیاوی سورفل و مو زەرد، کەجلی تەنگ و کورتیان لەبەر بوو، شوێنی مەشقی سەربازانی ئینگلیز...)** (هەمان سەرچاوە،٧٨) نووسەر لەڕۆمانەکەیدا باس لە مەینەتی و هەژاری گەلی هیندستان دەکات بەدەست ئینگلیزەکانەوەو دەڵێت: **(- لەحەناس گەڕەکیکی هەژار نشین هەڵوەستەمان کرد، کەخانووەکانیان پتر لەپشتیری ئاژەڵ دەچوون و وەک شارە مێروولەیەک هاتنە بەرچاوم ئاخر لەچاوتروکانێکدا پێنج تا شەش منداڵی ڕووت و قووت و پی پەتی دەهاتنە دەرووەوە دەچوونە ژوورەوە، ڕەنگیان ئەسمەری سەوز ئاماڵ و لێو درز بردوو. – ئەمانە خاوەن ماڵن و ئەوانی پیش کەمێک بینیمان میوانن...)** (هەمان سەرچاوە،٧٩) ڕەهەندێکی تری ئەنسرۆپۆلۆژیا، کە لەم ڕۆمانە گەشتیاریەدا خۆی دەبینیتەوە بازرگانیکردنە لەنێوان هیندستان و وڵاتی کوردستاندا ئەویش لەڕێگەی ناردنی نامەیەکی مەولانا خالید بۆ دایکی، بەبازرگانێکی کەرکوکیدا بەناوی "ئاسەف کەرکوکی" **( ئەم پیاوە لەڕێگەی دەریاوە لەنێوان هیندستان و شاری کەرکوکدا بازرگانی دەکات لیرەوە**

**بەهارات و جۆرەها ئاڵەتی وەک دارچین و بیبەر و کاری و گوێزی هیندی دەبات و لەوێیشەوە خوری و پێستی خاوی ئاژەڵ دێنێت..)** (هەمان سەرچاوە،٨٧) هەروەها ئاماژە بەبازرگانی لەنێوان چین و هیندستان دەکات، کاتێک کارەکتەرێک بەناوی "هاجا" بۆنێک بۆ مەولانا دێنێت و پێی دەڵێت: **( ئەم بۆنە مسکە و لەوپۆرگە دەردەهێنرێ، کە لەناوکی جۆرە ئاسکێکی بیابانی چین هەڵدەتۆقێت، بازرگانەکانی هیند لەوێ دەیهێنن...)** (هەمان سەرچاوە،١٠٤) هەروەها دیالۆگێکی تایبەت بە کاری بازرگانی و ئاینی لەگەڵ بازرگانێک بەناوی "حامید بازرگان" لەسەرکەوتنی یەکێک لە پاپۆرەکانی کەنار دەریا، کەوەک کەشێکی سەیرونامۆ هاتۆتە پێش چاویان، ژاوەژاوی خەڵکی هەمەجۆر ژن و پیاو و گریانی مناڵ، هاڕەهاڕی پاپۆرەکە، لەدەریشەوە کپی و سامی دەریایەکی بێ سنوور، دەرکەوتن و ونبوونی زیندەوەری دەریایی زەبەلاح لەناو شەپۆلەکاندا وەک ماسی و قرش و نەهەنگ، **( ئاخر منێک وەک بونەوەرێکی وشکانی لەچەمی سەرچنار و تانجەرۆ و سیروان و زێی بچوک زیاترم نەبینی بوو، لەکوێ ناوی زیندەوەرەکانی دەریایەکی ئاوها سامناک بزانم، تەنانەت ناوی ئەو باڵندانەیشم نەدەزانی، کە لەپڕ لەبەرزاییەوە وەک تیر دادەکشان ئەو وردە ماسییانەیان ڕاودەکرد، کە سەریان دەردەهێنا..)** (هەمان سەرچاوە،١٣٧) جگەلە گەڕانەوەیان بە کەناراوەکانی دەریای هیند و گەیشتنە کەناراوەکانی عوممان و لورستان و سنەندج و تا گەیشتنەوەیان بەمولکی بابان، پاشان گەڕانەوە بۆ بەغداد بۆ سەردانی مەزاری "شێخ عبدالقادری گەیلانی" و گەشتی مەککە بۆ حەجکردنی ماڵی خودا و ئاوارەبونیان بەرەو وڵاتی شام. سەرەڕای هەبوونی چەندین ڕەهەندی جیاواز لەڕۆمانی "بۆنی بونیادەم" دا ئەنسرۆپۆلۆژیایی مێژوویی بەشێکی گرنگی لەڕۆمانەکەدا داگیر کردووە وەک ئەو ڕووداوە مێژووییەی، کە میری بابان بە فیتی دەرەکی و فشاری مامی میری بابان مەولانا خالیدی نەقشبەندیان شاربەدەر کردووە. وەک لەدیالۆگێکی نێوان میری بابان و ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیز "مستەر ڕیچ" دا هاتووە **( مستەر ڕیچ ئەم قەڵەمڕەوەی ئێمە لەهەموو لایەکەوە بەنەیار دەورە دراوە، لەلایەک ڕۆم و لەلایەک عەجەم و ناوبەناو والی بەغداد هەوڵ دەدەن تۆوی ناکۆکیمان تێدا بوەشێنن، ئاخر ئێمە لەبەردەم مەولانا خالید دا سوێندمان بە قورئان و تەنانەت تەڵاقیش خوارد، کەهیچ شتێک لەیەکتر نەشارینەوە و گەر نامەیەک لەنەیارەکانمانەوە بۆ هەریەکەمان هات ئەوا لەبەردەم مەولانا خالید دا بیکەینەوە، بەلام ئەفسوس یەکێک لەمامەکانم ئەو پەیمانەی شکاندوناچاری کردم بەندی بکەم، لەکاتێکدا ئەم ڕازانە دەدرکێنم شەرم دام دەگرێت..)** (هەمان سەرچاوە،٢١٣) ئەمانەو چەندین ڕوداوی مێژوویی تر، وەک ناکۆکی و شەڕی نێوان برا میرەکان **( ئیتر ماڵئاوایی لەشەڕی میرە براکانی قەڵەمڕەوەکەمان و چاوهەڵکۆڵینی یەکتر دەکەم،**



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

**ماڵئاوایی لەوڕۆژانە دەکەم، کە قەڵەمڕەوەکە مان وەک پێڵاوێک گاوێ عەجەم لەپێی دەکرد و گاوێ ڕۆم، ماڵ ئاوا ئەی ئەوڕۆژانەی، کەبەچاوی خۆم دەمبینی پشتی کۆڵکێش و سەوزە فرۆش لەژێر سمی ئەسپی نەیاردا هەنجن هەنجن دەبوو..)** (هەمان سەرچاوە،٢٣٣) هەتا نووسەر بەشێوەی فلاش باک ناکۆکی و ناسازی و شەڕی ناوخۆیی نێوان ئەمارەتەکان و میر و کەس و کارەکانیان دەبەستێتەوە بە شەڕی براکوژی لەنەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا. لەڕاستیدا هەموو ئەوانەی باسمانکرد ڕاستە ئاماژەدان بوو بە گەشتەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بەڵام خۆی لەخۆیدا ناکرێت نەڵێین بەشێکە لەژیاننامەی ئەو زانا ناودارەی کورد جگە لەوەی لەهەناوی ڕۆمانی "بۆنی بونیادەم" دا زۆرێک لەوردەکاریەکانی ژیانی ناوبراو خراوەتە ڕوو وەک لەزاری "عەفیفە قودسی" خێزانی سێهەمیەوە هاتووە **(دەمزانی خالید دوو ژني دیکەیشی هەیە "بەڵقیسە" ژنە گەورەکەیەتی و نزیکی چل ساڵە و کوروکچێکی هەیە، ژنی دووەمی "فاتیمە"یەو وەکو من بەڕەگەز عەرەبە خەڵکی شامە و شەش ساڵێک بەرلەهاتنی من لەڕێگەی گەڕانەوەی لەسەفەری حەجی یەکەمیدا خواستبووی و کوڕێکی چوارساڵانی هەیە...)** (هەمان سەرچاوە،١٦٨) ئەمانەوچەندین وردەکاری تر، کە نوسەر لەزاری کارەکتەرەکان و بەشێوەی وەسف و دیالۆگ خستونیەتیە ڕوو، لەکۆتاییدا ناکرێت ئاماژە بەو ڕاستیە نەکەین، کە ڕۆمانەکە خۆی لەخۆیدا مەبەستی لەخستنە ڕووی ژیاننامەی مەولانا خالیدی نەقشبەندیە.

## ئەنجام

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین:

١- ڕۆمانی "بۆنی بونیادەم" لە نوسینی "جەلیل کاکەوەیس" نمونەیەکی گونجاو و پرواتای ڕۆمانی هاوچەرخە، کە تێیدا پێگەی ئەدەبی گەشتیاری و ژیاننامەیی سەرەڕای جیاوازییان بەشێوەیەکی هەڵسەنگێنداراو و لەنوسینی ڕۆمانەکەدا وەک یەکەیەکی تێکەڵ و هاوجۆر دەردەکەوێت.

٢- نووسەر بەبەکارهێنانی سەفەر و گەڕانەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بەشێوەیەکی فکری و ڕووحی، توانیویەتی ئەم زانا ئاینیە بناسێنێت و کلتوور و بیروباوەڕی کۆمەڵگای هیندی و کوردی لێکبداتەوەو ئاماژە بە لێکچوون و جیاوازیەکانی ئەم دوو نەتەوەیە بکات.

٣- ئەم ئاوێزانکردنەی ئەدەبیاتی سەفەر و ژیاننامە نیشانەی پێگەیشتنی ئەدەبی کوردییە بۆ ناساندنی پەیوەندی نێوان ئەزموونە کەسیەکان و خوێندنەوەی هەستی گشتی مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگە.

٤- ڕۆمانی "بۆنی بونیادەم" نەک تەنها ئاماژەیە بەڕۆمانێکی گەشتیاری و ژیاننامەیی، بەڵکو بونیادنانی وەسف و دیالۆگێکی هاوچەرخە لەنێوان "ئەدەب و زانستەکانی ئەنسرۆپۆلۆژیا، وەک مێژوو، جوگرافیا، کۆمەڵناسی، ڕۆشنبیری، سیاسی، کلتووروبەها کۆمەڵایەتیەکان و ...هتد. هەروەها



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

بنەمایەکی گرنگە بۆ لێکدانەوەوگەشە بیریەکانی مرۆڤی مودێرنیزم و بگرە پۆست مۆدێرنیزم لەپێناو تێگەیشتن و پێگەیشتنی زیاتر بە جیهانی مرۆڤناسی و گەیشتن بەکەناری ئارامی بەڕێزگرتن لە بۆچونە جیاوازەکان و بەگژاچونەوەی هێزی خراپەو سەرکەوتنی هێزی چاکەومرۆڤدۆستی بەسەریدا.

## لیستی سەرچاوەکان:


- القرآن الکریم/ قریش/٢.

## سەرچاوە کوردیەکان:

- أبراهام،میران/٢٠٢٣/ڕۆمان و خوێنەرەجیاوازەکانی تێرامانی حەوت نوسەری کورد لەسەر مژاری خوێندنەوەی ڕۆمان/ ئامادەکردنی:شاخەوان سدیق/ سلێمانی دامەزراوەی کەریمی عەلەکە.
- صابر، هەردی/ ٢٠١٨/ پوختەیەک لەژیاننامەی ڕابەروزانای گەورە مەولانا خالیدی نەقشبەندی/ چ١/ هەولێر/ چاپخانەی ڕێنوێن.
- کاکە وەیس، جلیل/ ٢٠١٧/ بۆنی بونیادەم/ چاپی یەکەم/ کەرکوک/ ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ.
- محمد، مسعود/ چاپی ٢٠١٦/ گەشتی ژیانم/ هەولێر/ بلاوکراوەی ئاوێر.
- موکریانی،هەژار/ ١٣٦٩هـ/ هەنبانەبۆرینە فرهنگ کردی- فارسی/ یک جلدی/ تهران/ چاپخانەی سروش.
- میران،ڕەشاد/ ٢٠٢١/ مرۆڤناسی/Anthropology / هەولێر/ چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

## نامە ئەکادیمیەکان:

- ئیسماعیل،نعمە قەرەنی/٢٠٠٤-٢٠٠٥/ هونەری ژیاننامەی خودی لەئەدەبی کوردیدا مەسعود محمد و پاکیزە ڕەفیق حیلمی وەک نمونە/ هەرێمی کوردستان/ نامەی ماستەر/ وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی/ هەولێر/ زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان.
-حسەین،هیواکەریم/٢٠٢٠/کاریگەری گوتاری ئەدەبی لەسەرڕای گشتی لەکۆمەڵگەی کوردیدا بەنموونەی باشووری کوردستان ١٩٩٢-٢٠٠٣/ نامەی دکتۆرا/ زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زمان/ بەشی کوردی.

## گۆڤارەکان:

- ابراهیم،سەرکەوت/غریب،لەنجە/احمد،پەخشان/ ٢٠٢٢/ گوتاری نەتەوەیی و ئاینی لەڕۆمانی ئەنفال لەئێوارەخوانێکی خواوشەیتانەکاندا/مجلة بولتکنیک للعلوم الانسانیة والاجتماعیة /المجلد٣/ عدد٢.
- أمین،د.نەبەزمجید/٢٠٠٠/ یاقوتی حەمەوی ژیاننامەوکتێبی (معجم البلدان)/ گۆڤاری زانکۆی سلێمانی / ژمارە(١)

- عەلادین،پروا/٢٠١٠/ سەدساڵ ئەنترۆپۆلۆژیا سەدساڵ تەنیایی - لیڤی شتراوس بیریاری ئەفسانەوجەنگەڵەکان/ ناوەندی ڕەهەند بۆلێکۆڵینەوەی کوردی/ وەرزی نوێ ژمارە(١).
-سەعدی قادر،سەرکەوت، سەعید،نەوزادوەقاص/٢٠٢٣/ پابەند بوون بەخستنەڕووی ئافرەت و ئارێشەکانی لەڕۆمانی "شار" ی "حسین عارف" دا/ مجلة جامحة جيهان-أربيل- للعلوم الانسانية والاجتماعية/ مجلد٧/ عدد(٢).
-کەریم،حەسەن یوسف/ ٢٠٢٠/ بنیاتی وەسف بەگوێرەی جۆرەکانی بگێرەوە لە ڕۆمانەکانی حسام بەرزنجی دا/ گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان/ بەرگی ٢٤/ ژمارە(٥).

**سەرچاوە عەرەبیەکان:**

- أبلال،عياد/ ٢٠١١/ أنثروبولوجيا الادب- دراسن الانثروبولوجية للسرد العربى/ ط١/ القاهرة/ روافد للنشر والتوزيع.
- ابوزيد، احمد/ /٢٠٠٢/ الانثروبولوجيا والفكروالأدب/ / بحوث في الانثروبولوجيا العربية/ مجموعة من اساتذة الجامعات/الطبعة الاولى/ جامعة القاهرة كلية الآداب/مركزالبحوث والدراسات الاجتماعية.
- آدم، جون ميشيل/٢٠١٥/ السرد/ ترجمة وتقديم: أحمد الودرني/ الطبعة الأولى/ ليبيا/ دار الكتاب الجديدالمتحدة.
- الشهري،عبدالهادي بن ظافر/ ٢٠٠٤/ إستراتيجيات الخطاب مقاربة لغوية تداولية/ الطبعة الأولى/ بيروت-لبنان/ دار الكتاب الجديد الموتحدة.
- العريني،د.وايل بن يوسف/ ٢٠٢٠م/ الآخر في أدب الرحلة – دراسة أنثروبولوجية/ الطبعة الاولى/ الجمهورية التونسية/ الدار المتوسطية للنشر.
- المسعودي،الإمام ابي الحسن بن علي/ ٩٥٧م/ مروج الذهب ومعادن الجوهر/ اعتنى به وراجعة/ كمال حسن مرعي/ الجزء الأول/ الطبعة الأولى -٢٠٠٥م/ بيروت المكتبة العصرية.
- انيس،الدكتور ابراهيم وآخرون/ ١٩٧٢/ مجمع اللغة العربية- المعجم الوسيط/ الجزءالأول/ الطبعةالثانية/ ايران-طهران/ انتشارات ناصر خسرو.
- أيزر،فولفغانغ/١٩٩٨/ التخييلي والخيالي من منظور الانثروبولوجية الادبية/ ترجمة د.حمد لحمداني-د.الجلالي الكدية/ الطبعة الأولى/ مطبعة النجاح الجديدة/ دارالبيضاء.
- باختين،ميخائيل/١٩٨٧/ الخطاب الروائي/ ترجمة: محمد برادة/ الطبعة الأولى/ القاهرة- باريس/ دار الفكرللدراسات والنشروالتوزيع.
- حسين،طه/ ١٩٩٢/ الأيام/ ط١/ القاهرة/ مركز الأهرام للترجمة والنشر.
- حليفي، شعيب/ ٢٠٠٢ / الرحلة في الادب العربي- التجنس، آليات الكتابة، خطاب المتخيل/ مكتبة الادب المغربي- الهيئة العامة لفصورالثقافة- كتابات نقدية شهرية ١٢١.
- راغب،نبيل/١٩٩٦/ فنون الادب العالمي/ ط١/ بيروت/ مكتبة لبنان ناشرون.
- صالح، الطيب/ ١٩٨١/ موسم الهجرة الى الشمال/ الطبعة الثالثةعشر/ بيروت/ دار العودة.
- عبدالرحمن،د.طه/ ١٩٩٨/ اللسان والميزان أو التكوثر العقلي/الطبعة الاولى/ بيروت/ المركز الثقافي العربي.
- فهيم،حسين محمد/ ١٩٨٩/ أدب الرحلات/ الكويت/ سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب- عالم المعرفة.
- كراتشكوفسكى،أغناطيوس يوليانوفتيش/ ١٩٦١/ تاريخ الادب الجوغرافي العربي/ نقلة الىٰ اللغة العربية: صلاح الدين عثمان هاشم/ القسم الأول/ جامعة الدول العربية/ الأدارة الثقافية.

- مرتاض،د.عبدالملک/ ١٩٩٨/ في نظرية الرواية- بحث في تقنيات السرد/ الكويت/ عالم المعريفة ؛ سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب.
- مكلانسي،جيرمي/٢٠٢١/ صورة الأنثروبولوجي في الادب/ الأدب والأنثروبولوجيا- النص، المؤلف، فعل القراءة/ اختيار وترجمة :هناء خليف غنى/ ط١/ بغداد/ دارالمأمون للترجمة والنشر.
- موسى،سلامة/ ٢٠١٤/ التربية السلامة موسى/ بدون الطبع/ المملكة المتحدة/ المؤسسة الهنداوي.
-ابن فارس،لأبي حسين أحمد/ ١٣٩٩هـ -١٩٧٩م/ معجم مقاييس اللغة/ بتحقيق وضبط عبدالسلام محمدهارون/ الجزء الثاني/سوريا-مشق/ دارالفكرللطباعةوالنشروالتوزيع.
-ماريل،ماجي/ ٢٠٢١/ انثروبولوجيا القراءة الادبية:قضايامنهجية/ الأدب والأنثروبولوجيا- النص، المؤلف، فعل القراءة/ اختيار وترجمة :هناء خليف غنى/ ط١/ بغداد/ دارالمأمون للترجمة والنشر.

## نامە ئەكاديميەكان:

- الخزاعي،إسراء سالم موسى/ ٢٠١٧/ السيرة الذاتية في جهود الدارسين العرب/ أطروحة الدكتوراه/ العراق/ جامعة القادسية- كلية التربية- قسم اللغة العربية.
- الهروط، بلال سالم/٢٠٠٨/ صور الآخرفي أدب الرحلات الاندلسية / رسالة الدكتوراه/ الأردن-محافظة الكرک/ عمادة الدراسات العليا- القسم اللغة العربية/ جامعة مؤتة.
- بادشاه،حافظ محمد/٢٠٠٩/ الحجاز في أدب الرحلة العربي/ أطروحة الدكتوراه/ اسلام آباد / الجامعة الوطنيةللغات الحديثة/ كليةالدراسات والبحوث المتقدمة المتكاملة.
- سميرة،بن عشي/ ٢٠٢١-٢٠٢٢/ السيرة الذاتية بين الأدبين العربي والاوروبى/ اطروحة الدكتوراه في الادب العربي والاجنبي/ الجزائر/ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي/ جامعة عباس لغرور-خنشلة-/ كلية آداب واللغات- قسم اللغة العربيةوآدابها.
- علاق،فطيمة/٢٠٢٠-٢٠٢١/ الحضور الانثروبولوجى فى رواية: أنا وحايم" ل: الحبيب السائح/ مذكرة الماستر/ جامعة ٨ ماي ١٩٤٥ قالمة/ كلية الأدب واللغات/ قسم اللغة والأدب العربى.
- فاتح،صطاف/ ٢٠١٢-٢٠١٣/ أثر أدب الرحلة في التعارف بين الحضارات/ شهادة ماستر/ جامعة تلمسان/ كلية آداب واللغات/ قسم اللغة العربية.
- قصاب، هدى، براهيمى، سامية/ ٢٠١٩-٢٠٢٠/ التداخل بين الروائى والسير الذاتي- من خلال رواية الممنوعة لملكة مقدم/ شهادة ماستر/ جامعة مولود معمري-تيزي/ كلية آداب واللغات/قسم اللغة العربية وآدابها.
- مسعودة،نذير/٢٠١٢-٢٠١٣/ قراءة نقدية في فن السيرة الذاتية في الأدب العربي الحديث – سيرة "القبش" لعياش يحياوي أنموذجا/ مذكرة مقدمة لنيل الشهادة الماستر/الجمهورية الجزائرية الديموقراطية الشعبية/ وزارة التعلم العالى والبحث العلمي/ جامعة المسيلة – كلية الآداب واللغات – قسم اللغة والأدب العربي.
- ناريمان، وعبة/ ليلة،قاسمى/٢٠١٩-٢٠٢٠/ الانثروبولوجيا الروائية، رواية ( خطوةفى الجسد) لحسين علام- مقاربة انثروبولوجية ثقافية. مذكرة ماجستير/ جزائر/ جامعة بجاية/ كلية الآداب واللغات/ قسم اللغة والادب الاعربي.
- وسيلة،بورنان/صباح،محروق/ ٢٠١٩-٢٠٢٠/ سيرة ذاتية في رواية "سيرة المنتهي" لـ: واسينى الأعرج/ مذكرة الماستر/ الجزائر/ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي/ جامعة محمد بوضياف -المسيلة- / كلية الآداب واللغات- قسم اللغة العربية والادب العربي.

## گۆڤارەکان:

- البغدادی،د.عبدالمجيد/ ٢٠١٦/ فن السيرة الذاتية وأنواعها في الأدب العربي/ مجلة القسم العربي/ جامعة بنجاب، لاهور باكستان/ العدد/ الثالث والعشرون.
- الحچامی،شيماء عبدالحسين ابراهيم،أبوجاسم، محمد عبد/ ٢٠١٩/ السيرة الذاتية دراسة في فلسفة النص/ مجلة كلية الفقة-مجلة فصليةعلمية محكمة/ العدد(٣٠).
- السيد،نجلاء سيد عبدالحكيم/ ٢٠٢٢/ عناصر رواية السيرة الذاتية/ جامعة الفيوم- مجلة كلية دارالعلوم/ المجلد٦١/ العدد(١).
- أمير،منصر،بولعسل د.كمال/٢٠٢١/ الرواية الرحليةالعربية المعاصرة من التعريف الى التصنيف : اشكالية الإنتماء والتجنيس/ مجلة علوم اللغة العربية وآدابها/ المجلد١٣/ العدد(١).
- باز، د.هدى عبدالغني أبراهيم/ ٢٠٢٢/ الخصايص الاسلوبية لأدب الرحلة بين الرحلتي ابن بطوطة وأنيس منصور لجزيرة سيلان/مجلة كلية آداب جامعة القاهرة/ المجلد٨٢/ العدد٨.
- بوعزة،طيبي،كبريت،د.على/٢٠١٧/ تجليات السيرة الذاتية في الروايةالعربية الحديثة رواية" المرايا " لنجيب محفوظ أنموذجا/ جامعة بشار/ مجلة البدر/ المجلد٩/ العدد٧.
- عزلاوى،محمد/ ٢٠١٢/ التوليف بين الرحلةوالسيرة الذاتيةالأدب المغربي القديم نموذجا/ جامعة غرداية/ مجلة الواحات للبحوث والدراسات/ العدد(٦).
- يقطين،سعيد/ ١٩٩٣/ خطاب الرحلةالعربي ومكوناتة البنيوية/ مجلة علامات في النقد الادبي، النادي الأدبي الثقافي بجدة/ المملكة العربية السعودية/ الرئاسة العامة لرعاية الشباب/ج٩/عدد٣.
-البليهد،حمدبن سعود/٢٠١٩/ قراءة في بنيةالسفربين الادب الرحلةورواية السيرة:كتاب أيام برازيلة نموذجا/ رياض/ جامعة الملك سعود/ مجلة الآداب/ مج ٣١/ ع٣.
-عبدالستار،ا.م.د.ناهضة،وآخرون /٢٠١٦/ أنثروبولوجيا الادب – دراسة لقصة" انا الذى رأي...وثائق/ للقاص محسين رملي/ مجلة القادسية للعلوم الانسانية/ المجلد التاسع عشر/ العدد١.

List of sources:

-Al-Qur'an/ Quraysh/2

Kurdish sources:

-Ibrahim, Miran / 2023 / Novel and different readers of the observations of seven Kurdish writers on the subject of reading novels / Prepared by: Shakhawan Sadiq / Sulaimani Karimi Alaka Institute.

-Saber, Hardi/ 2018/ Summary of the biography of the great leader and scholar Maulana Khalidi Naqshbandi/ Ch1/ Erbil/ Renwen Printing House.

-Kaka Wais, Jalil/ 2017/ Boni Bunyadam/ First Edition/ Kirkuk/ Dialogue Cultural and Arts Center.

-Mohammed, Massoud / 2016 edition / My Journey / Erbil / Awer Publishing House.

-Mukriani, Hazhar/ 1980/ Hanbaneborine Farhang Kurdi-Persian/ One Volume/ Tehran/ Sarush Printing House.

-Miran, Rashad/ 2021/ Anthropology// Erbil/ Rojhelat Printing House.

Academic Letters:

-Ismail, Naima Qarani / 2004-2005 / Art of self-biography in Kurdish literature Massoud Mohammed and Pakiza Rafiq Hilmi as an example / Kurdistan Region / Master's thesis / Ministry of Higher Education and Scientific Research / Erbil / Salahaddin University - College of Education for Humanities.

-Hussein, Hiwakarim/2020/Impact of literary discourse on public opinion in Kurdish society for example South Kurdistan 1992-2003/PhD thesis/Sulaimani University/College of Language/Kurdish Department.

Magazines:

-Ibrahim, Sarkawt / Gharib, Lanja / Ahmad, Pakhshan / 2022 / National and religious discourse in the novel Anfal

-Amin, Dr. Nabazjid / 2000 / Yaquti Hamawi Biography and Book ( Dictionary of Countries ) / Journal of Sulaimani University / No. (1(

-Aladdin, Brwa / 2010 / Century Anthropology Century of Loneliness - Levi Strauss Thinker of Myths and Forests / Dimension Center for Kurdish Research / New Season No. (1.(

-Saadi Qadir, Sarkawt, Saeed, Nawzad Waqas / 2023 / Commitment to presenting women and their problems in the novel " City " by " Hussein Arif " / World University Magazine - Erbil - for Humanities and Social Sciences / Volume 7 / No. (2.(

-Karim, Hassan Yousef / 2020 / Structure of description according to the types of narrator in the novels of Hossam Barzanji / University Journal of Humanities / Volume 24 / No. (5 .(

Arabic sources:

-Ablal, Eyad / 2011 / Anthropology of Literature - Anthropology of the Arab Cold / Volume 1 / Cairo / Rawafd for publication and distribution.

-Abu Zaid, Ahmed / / 2002 / Anthropology and Thought and Literature / / Research in Arab Anthropology / Collection of Universities / First Edition / Cairo University College Literature/Center for Research and Social Studies.

-Adam, John Michel / 2015 / Cold / Translated and presented by: Ahmed Al-Wudrni / First Edition / Libya / United New Book House.

-Al-Shahri, Abdulhadi bin Zafar / 2004 / Strategies of Speech Comparison with Translational Language / First Edition / Beirut - Lebanon / United New Book House.

-Al-Arini, Dr. Wail bin Yousef / 2020 / The Last in the Literature of Travel - Anthropological Studies / First Edition / Tunisian Republic / Al-Dar Al-Mutustiya Publishing House.

-Al-Masudi, Imam Abi al-Hassan ibn Ali / 957 AD / Maruj al-Zahab and precious minerals / Reference / Kamal Hassan Mar'i / Part I / First edition - 2005 AD / Beirut Contemporary Library.

-Anis, Dr. Ibrahim and Akhrun / 1972 / Complex of Arabic Language - Al-Ma'jam Al-Wasit / Part 1 / Second Edition / Iran - Tehran / Nasser Khosrow Publishing House.

-Izer, Wolfgang / 1998 / imagination and imagination from the perspective of literary anthropology / translated by Dr. Hamad Lahamdani - Dr. Al-Jalali al-Kadia / first edition / new success printing / Dar al-Bayda.'

-Bakhtin, Mikhail / 1987 / Narrative Address / Translation: Mohammed Brada / First Edition / Cairo-Paris / Dar al-Fakr for Studies and Publication and Distribution.

-Hussein, Ta/ 1992/ Days/ Volume 1/ Cairo/ Pyramid Center for Translation and Publishing.

-Khalifi, Shoaib / 2002 / Journey in Arabic Literature - Gender, Book Tools, Mixed Address / Moroccan Literary School - General Authority for Cultural Culture - Monthly Critical Books

-Ragheb, Nabil / 1996 / Art of World Literature / Volume 1 / Beirut / Lebanon Publishing House.

-Saleh, Al-Tayyib / 1981 / Season of Migration to the North / Thirteenth Edition / Beirut / Dar Al-Ouda.

-Abdulrahman, Dr. Ta / 1998 / Language and balance or intellectual disturbance / first edition / Beirut / Arab Cultural Center.

-Fahim, Hussein Mohammed / 1989 / Literature of travel / Kuwait / monthly cultural book series published by the National Council for Culture, Art and Art - World of Knowledge.

-Kratschkovsky, Agnatius Yulyanovtish / 1961 / History of Arabic Geographical Literature / Translated to the Arabic Language: Salahuddin Othman Hashim / First Section / Arab State University / Administration الثقافية.

-Murtaza, Dr. Abdul Malik / 1998 / in the theory of narrative - research in cold technologies / Kuwait / world of knowledge; Monthly cultural book series published by the National Council for Culture, Arts and Arts.

-McLancy, Jeremy / 2021 / Anthropological Image in Literature / Literature and Anthropology - Text, Author, Reading Verb / Option and Translation: Hana Khalifa Ghani / Volume 1 / Baghdad / Dar al-Mamun for translation and publishing.

-Moses, Peace / 2014 / Peace Education Moses / Unpublished / United Kingdom / Indian Foundation.

-Ibn Fares, Labi Hussein Ahmad / 1399 AH - 1979 AD / Dictionary of Language Comparisons / Actually and Dr. Abdul Salam Mohammed Harun / Part II / Syria - Training / Dar al-Fakr al-Taba'a and Nashr al-Distribution.

-Maril, Maji / 2021 / Anthropology of Literary Reading: Methodological Issues / Literature and Anthropology - Text, Author, Reading Verb / Option and Translation: Hana Khalifa Ghani / Volume 1 / Baghdad / Dar al-Mamun for translation and publishing.

Academic Letters:

-Al-Khaza'i, Israa Salem Musa / 2017 / Autobiography in the Efforts of Arab Scholars / PhD Dissertation / Iraq / Al-Qadisiyah University - College of Education - Department of Arabic Language.

-Al-Harout, Bilal Salem / 2008 / Images of the Other in Andalusian Travel Literature / PhD Dissertation / Jordan - Karak Governorate / Deanship of Graduate Studies - Department of Arabic Language / Mu'tah University.

-Badshah, Hafiz Muhammad / 2009 / The Hijaz in Arabic Travel Literature / PhD Dissertation / Islamabad / National University of Modern Languages / College of Advanced Integrated Studies and Research.

-Samira, Ben Ashi / 2021-2022 / Autobiography between Arab and European Literature / Doctoral dissertation in Arab and foreign literature / Algeria / Ministry of Higher Education and Scientific Research / Abbas Lagrour University - Khenchela - / Faculty of Arts and Languages - Department of Arabic Language and Literature.

-Alaq, Fatima / 2020-2021 / The Anthropological Presence in the Novel: "Me and Haim" by Habib Al-Sayeh / Master's Thesis / University of 8 May 1945 Guelma / Faculty of Arts and Languages / Department of Arabic Language and Literature.

-Fatih, Sataf / 2012-2013 / The Impact of Travel Literature on Intercultural Dialogue / Master's Thesis / University of Tlemcen / Faculty of Arts and Languages / Department of Arabic Language.

-Qassab, Huda, and Brahimi, Samia / 2019-2020 / The Interplay Between the Novel and Autobiography - Through the Novel "The Forbidden" by Malika Muqaddam / Master's Thesis / Mouloud Mammeri University - Tizi Ouzou / Faculty of Arts and Languages / Department of Arabic Language and Literature.

-Masouda, Nadhir / 2012-2013 / A Critical Reading of the Art of Autobiography in Modern Arabic Literature - Biography "Laqbash" by Ayash Yahiaoui as a Model / Master's Thesis / People's Democratic Republic of Algeria / Ministry of Higher Education and Scientific Research / University of M'sila – Faculty of Arts and Languages – Department of Arabic Language and Literature.

-Nariman, Ouaba / Laila, Qasmi / 2019-2020 / Narrative Anthropology: The Novel (A Step in the Body) by Hussein Allam - A Cultural Anthropological Approach. Master's Thesis / Algeria / University of Bejaia / Faculty of Arts and Languages / Department of Arabic Language and Literature.

-Wassila, Bournane / Sabah, Mahrouk / 2019-2020 / Autobiography in the Novel "The Biography of the End" by Wassini al-Araj / Master's Thesis / Algeria / Ministry of Higher Education and Scientific Research / Mohamed Boudiaf University - M'sila - / Faculty of Arts and Languages - Department of Arabic Language and Literature.

References:

-Al-Baghdadi, Dr. Abdulmajid / 2016 / The Art of Autobiography and its Types in Arabic Literature / Journal of the Arabic Department / University of Punjab, Lahore, Pakistan / Issue / Twenty-Three.

-Al-Hajjami, Shaimaa Abdulhussain Ibrahim, Abujasim, Muhammad Abdul / 2019 / Autobiography: A Study in the Philosophy of the Text / Journal of the Faculty of Jurisprudence - A Quarterly Refereed Scientific Journal / Issue (30.(

-Al-Sayed, Najlaa Sayed Abdulhakim / 2022 / Elements of the Autobiographical Novel / Fayoum University - Journal of the Faculty of Dar Al-Uloom / Volume 61 / Issue (1.(

-Amir, Mansour, Boulassel, Dr. Kamal / 2021 / The Contemporary Arabic Travel Novel: From Definition to Classification: The Problem of Belonging and Genre / Journal of Arabic Language and Literature / Volume 13 / Issue (1.(

-Baz, Dr. Huda Abdelghani Ibrahim / 2022 / Stylistic Characteristics of Travel Literature: A Comparison of the Travels of Ibn Battuta and Anis Mansour to Ceylon / Journal of the Faculty of Arts, Cairo University / Volume 82 / Issue 8.

-Bouazza, Taybi, Kabrit, Dr. Ali / 2017 / Manifestations of Autobiography in the Modern Arabic Novel: Naguib Mahfouz's "Mirrors" as a Model / University of Bechar / Al-Badr Journal / Volume 9 / Issue 7.

-Azlawi, Muhammad / 2012 / Synthesis Between Travel and Autobiography: Classical Moroccan Literature as a Model / University of Ghardaia / Al-Wahat Journal for Research and Studies / Issue (6.(

-Yaqtin, Said / 1993/ The Arabic Travelogue and its Structural Components/ Alamat Journal of Literary Criticism, Jeddah Literary and Cultural Club/ Kingdom of Saudi Arabia/ General Presidency for Youth Welfare/ Vol. 9/ No. 3.

-Al-Bulaihid, Hamad bin Saud/ 2019/ A Reading of the Structure of Travel Literature between Travel Literature and the Biographical Novel: The Book "Ayyam Brazila" as a Model/ Riyadh/ King Saud University/ Al-Adab Journal/ Vol. 31/ No. 3.

-Abdul-Sattar, Dr. Nahida, et al./ 2016/ Anthropology of Literature – A Study of the Story "I Who Saw...Documents" by the Short Story Writer Mohsen Ramli/ Al-Qadisiyah Journal of Humanities/ Vol. 19/ No. 1.